گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٩٧

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٩٧ – گەلاوێژی – ئاگۆستی ٢٠٢٦




## بەیاننامەی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

سەبارەت بە بنبەستی شەڕ و دانوستانی دەوڵەتە تیرۆریستەکان و ئەرکەکانی ئێمە

## بەیاننامەی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ؛ وەبیرهێنەرەوەی دەستپێکی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

## «گەلاڵەیەک بۆ «هاوپشتیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی» یان پرۆژەیەک بۆ چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە؟



## کۆماری ئیسلامی، یاریکردن بە سەبری کۆمەڵانی خەڵک

## لەسێدارەدانی مێرمنداڵان، نیشانەی ئەوپەڕی وەحشیگەریی کۆماری ئیسلامی

## سەروتار

### بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

### بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی شەڕ و هێرشی نیزامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

گەلاوێژی ١٤٠٥

٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی شەڕ و هێرشی سەربازی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر کوردستان. چل و حەوت ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژێکی وادا، خومەینی فەرمانی جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لەشکرەکانی جەهل و خورافاتی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی خەباتکار و شۆڕشگێڕ ڕەوانەی کوردستان کران. بۆ ڕژیمێک کە سوور بوو لەسەر دامرکاندنەوەی گڕوتینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کۆتاییهێنان بەو سەرکوتەی کە ڕژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی پەهلەوی دەستی پێکردبوو، کوردستانی شۆڕشگێڕ و ئەو کەشوهەوا خەباتکارانەیەی تێیدا زاڵ بوو، جێگەی تەحەمول نەبوو. بەڵام خەڵکی کوردستان و لە پێشەنگیاندا کۆمەڵە و کۆمۆنیستەکانی تر، پێداگر بوون لەسەر بەرگریکردن لە ئازادی و ئەو دەسکەوتانەی بە هێزی خۆیان بەدەستیان هێنابوو. خەڵکی کوردستان لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی بڕیارنامەیەکی ٨ ماددەییەوە داواکارییەکانی خۆیان بە دەوڵەتی ناوەندی ڕاگەیاندبوو. بەڵام ئەوەی حکوومەتی ئیسلامی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو دەیویست، دامرکاندنەوەی سۆزی شۆڕشگێڕانەی خەڵک و کپکردنی دەنگی شۆڕشی ئێران بوو لە کوردستاندا

حکوومەتی ئیسلامی لە بارودۆخێکدا کە هێرش بۆ سەر بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ئاستێکی سەرتاسەریدا دەستپێکردبوو و توانیبووی کۆمیتەکان و سپا ڕێک بخاتەوە و ئەرتەش نۆژەن بکاتەوە، ئیتر نەیدەتوانی شایەدی گەشە و پەرەسەندنی کەشوهەوای شۆڕشگێڕانە بێت لە کوردستان و دەبووایە بە هەر جۆرێک بێت ئەم سەنگەری بەرگریکردنە لە ئازادی و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین تێکبشکێنێت. هەر بۆیە دژەشۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە هێرشکردنە سەر کوردستان لە هیچ دڕندەیی و وەحشیگەرییەک دەستی نەپاراست و بە تاوانی سامناکی وەک لەسێدارەدانی منداڵان لە پاوە، لەسێدارەدانی ١٧ کەس لە سەقز، لاوانی خەباتکار لە پادگانی مەریوان و لاوانی شۆڕشگێڕ لە فڕۆکەخانەی سنە بە دەستی سادق خەڵخاڵیی جەللاد و کۆمەڵکوژییەکانی "قارنێ

و قەڵاتان و ئیندەرقاش"، تێچووی ڕاوەستان و خۆڕاگریی بۆ خەڵکی کوردستان زۆر قورس کرد. بەڵام خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان سەرەڕای ئەم تاوانە سامناک و دژەمرۆڤانەیە، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیان لە سەنگەری بەرگری لە ئازادیدا بوێرانە خەباتیان کرد و هیچ کات لە بەرامبەر دوژمندا سەری تەسلیمیان دانەنواند. ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی تۆمارکردنی ئەم مێژووە و ساڵڕۆژی ڕێزگرتنە لە خۆڕاگری، خەبات و فیداکاری لاوان، ژنان، پیاوان و هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی کە ئەم مێژووەیان خوڵقاند

لەشکرکێشی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ موقاوەمەت و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە، لە درێژەدا بە پەرەسەندنی عەمەلیاتی غافڵگیرانەی هێزی پێشمەرگە لەلایەکەوە و ئیعترازاتی ڕۆژانەی جەماوەر لەسەر شەقام لەلایەکی دیکەوە، تێکشکا و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و ئاگربەست و هاتنە پای مێزی وتووێژ کرد. گەڕانەوەی سەرلەنوێی هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ناو شارەکان و پێشوازیی شکۆداری خەڵک لێیان و پەرەسەندنی چالاکییە سیاسییەکان و پێکهاتنی شورا، ڕێکخراو و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان و دەسەڵاتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، شکستی هێرشە دڕندانەکەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی ڕژیمی یەکلا کردەوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی خستە قۆناغێکی نوێی خۆڕاگری و خەباتەوە

دوای ئەوەی لە دەرەنجامی سێ مانگ خۆڕاگری چەکدارانەی حەماسی هێزی پێشمەرگە و بزووتنەوەی جەماوەری لە شارەکاندا، سەرئەنجام ڕژیمی ئیسلامی پاشەکشەی کرد، خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لاوان بە دەستپێشخەریی خۆیان شێوازگەلێک لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگایان گرتەبەر و ئەزموونیان کرد. بەڵام ڕوون بوو کە هاوسەنگی هێزە ناوخۆییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەی دەسەڵاتداریەتیی جەماوەریی خەڵک لە کوردستان، لە هەموو جێگایەک وەک یەک نەبوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لێرە و لەوێ هەبوون و سەرەڕای سنووردداربوونی کات، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەمین جار دەسەڵاتداریەتی لە خوارەوە، واتە دەسەڵاتداریەتیی شوراییان ئەزموون کرد، تامی ئازادیيە بێقەیدوشەرتە سیاسییەکانیان چێشت، پاشماوەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی (فێئۆدالی)یان ڕامالی، زەوی بووە موڵکی ئەو کەسەی کاری تێدا دەکرد، ژنان لە ئاستێکی بەرفراواندا هاتنە مەیدانی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، و بناغەی پەروەردە و فێرکردنێکی پێشکەوتنخوازانە داڕێژرا. بۆ یەکەمین جار خەڵک ئیتر خۆیان لەژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییدا نەدەبینی. ئەو خۆڕاگرییەی کە دواتر لە بەرامبەر هێرشی ڕژیمدا کرا، لە ڕاستیدا بەرگریکردن بوو لەم دەسکەوتانە. بەڵام مەترسی هێرشی سەرلەنوێی کۆماری ئیسلامی و میلیتاریزەبوونی کەشوهەوای کوردستان، بەناچار خەباتی چەکدارانەی خستە سەرووی هەموو شێوازەکانی تری خەبات و خۆڕاگرییەوە و دەرفەتی تەواو بۆ قووڵکردنەوە و فراوانکردنی ئەم دەسکەوتانە نەڕەخسا

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە لە دانوستانی ڕاستەقینە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان خۆی دەدزییەوە و بە مانۆڕی هەڵخەڵەتێنەرانە کاتی بۆ خۆی دەکڕی، سەرئەنجام لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا جارێکی تر هێزەکانی خۆی لە چەند بەرەیەکەوە بەرەو شارەکانی کوردستان ڕەوانە کرد و هێرشەکەی لە کامیارانەوە دەست پێکرد و لە دەروازەکانی شاری سنە نزیک بووەوە. خۆڕاگرییەکی حەماسی ٢٤ ڕۆژە لەم شارەدا لەژێر ئاگری چەکە قورسەکانی دوژمندا کرا و ئەم خۆڕاگرییە لە شار و گوندەکانی تری کوردستان سەنگەر بە سەنگەر درێژەی پێدرا. ڕژیمی ئیسلامی نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بێ تێپەڕین لە خۆڕاگریی قارەمانانەی خەڵکی خەباتکار و پێشمەرگەکان داگیر بکات. هەرچەندە ڕژیم سەرئەنجام توانی باڵادەستی سەربازی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە و تا ئێستاش ناتوانێت خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ناچار بە ملکەچی و تەسلیمبوون بکات. خەڵکی کوردستان بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی خۆیان لە فۆرمی جۆراوجۆر و لە سەنگەرەکانی تردا پاراست و درێژەیان پێدا و، کوردستانی شۆڕشگێڕ وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران، هێشتا سەربەرزانە لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامیدا وەستاوەتەوە

*****

ئێستا لە چل و حەوتەمین ساڵڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ و لە سەروبەندی چوارەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان بە توندی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بنبەستی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە شەڕ و، شکست و بێتواناییان لە جێگیرکردنی «ئاشتی»دا. شەڕەکە بە کردەوە گۆڕاوە بۆ شەڕێکی درێژخایەن و هەردوو لا بە خوڵقاندنی گرژی سەربازی هەوڵ دەدەن خوێندنەوەی خۆیان لە دەرەنجامەکانی شەڕەکە جێگیر بکەن و هێزی چانەزنی و ئیمتیاز وەرگرتنیان لە دانوستانەکاندا بەرز بکەنەوە. کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە کۆگای مووشەکی و درۆنەکانی توانیویەتی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا و دامەزراوەکانی نەوت و گازی وڵاتانی ناوچەی کەنداو بکاتە ئامانج و، بە تێکدانی هاتوچۆی کەشتییەکان لە گەرووی هورمز بازاڕی وزە و ئابووری جیهانی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە و کردوویەتی بە ئامرازێکی گوشاری سیاسی دژی ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، بەڵام بەهۆی تەنگژە و قەیرانی قووڵی ئابوورییەوە توانای بەردەوامبوونی لە شەڕدا نییە. حکوومەتی ئیسلامی لە دەرەنجامی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران لەلایەن ئەمریکاوە و بە پچڕان یان کەمبوونەوەی توندی هەناردەی نەوت و گاز، بۆ دابینکردنی تێچووی قورسی درێژەدان بە شەڕ و بەپێوە ڕاگرتنی ماشێنی جەنگییەکەی بە توندی کەوتووەتە ژێر گوشارەوە، بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە بەهۆی ڕەهەندە بەربڵاوەکانی هەژاری و بێکاری، هەڵاوسان و گرانیی بێسنوور و ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارەی بەسەر ژیانی زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپێندراوە، خۆی لە مەترسی سەرهەڵدانێکی جەماوەری و تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە. لەم بارودۆخەدا و لە کاتێکدا ئوسوولگەرا توندڕەوەکان و باڵی پایداری و... دەهۆڵی تۆڵەسەندنەوە و شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن لێدەدەن، بەڵام کۆدەنگییەک لەنێو باڵە دەسەڵاتدارەکانی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، ستراتیژیی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە ڕێڕەوی سازش و بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەمریکا و پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە پێوشوێن دەگرێت. ئەوەی ڕوونە، لەژێر گوشارە واقیعیەکانی شەڕ و ناتەبایی توانای ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕخوازی، ناکۆکی لەسەر ئەم دوو ستراتیژییە جیاوازە بووەتە تەوەری سەرەکی ململانێ و کێشمەکێشی باڵ و باندەکانی حکوومەت لەم قۆناغەدا

لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانکاری لە ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و گرتنەبەری ڕێگای سازش لەگەڵ ئەمریکا لەژێر گوشاری بنبەستی شەڕ و مەترسی داڕمانی ئابووریدا، بە هیچ شێوەیەک بە واتای کرانەوەی فەزای سیاسی لە کۆمەڵگای ئێراندا نابێت. کۆماری ئیسلامی وەک کۆڵەکەی سەرەکی ستراتیژی مانەوە و تاکتیکی بنەڕەتیی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، درێژە بە سیاسەتی پەرەپێدانی سەرکوت دەدات. بەڵام کۆمەڵگای ئێران نیشانی داوە کە نە لەژێر گوشاری سەرکوتدا چاوترسێن دەبێت و نە بە بەڵێنی کۆتاییهاتنی گەمارۆکان و کرانەوە لە ژیانی ئابووریی خەڵکدا ڕێبازی چاوەڕوانی دەگرێتەبەر. ڕەوتی بارودۆخەکە، توندبوونەوەی ناتەباییە چینایەتییەکان و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەکردن و قووڵتربوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی خستووەتە ئاسۆوە. بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە و بزووتنەوەی دادخوازی و... لەم ساڵانەدا لە نەبەردێکی سەنگەر بە سەنگەردا دەسکەوتگەلێکیان بەدەستهێناوە کە شەڕ و سەرکوت نەیانتوانیوە لەناوی ببەن. پێگەیاندنی توێژێکی بەرین لە ڕێبەرانی چەپ و ڕادیکاڵ لە دڵی ئەم خەباتانەدا و ئاستێک لە ڕێکخراوبوون، ئەو دەسکەوت و سەرمایە ستراتیژییانەن کە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بە پشتبەستن پێیان بەردەوامی و ڕەوتی گەشەسەندنی خۆیان دەپارێزن. کەواتە هەروەک چۆن نارەزایەتی کرێکاران و خانەنشینان و بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە لەم بارودۆخە جەنگییەدا نیشانیان داوە، بەهۆی ڕەهەندە بەرفراوانەکانی بێکاری، بەرزبوونەوەی سات بە ساتی نرخی پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک، قەیرانی کەمی ئاو و وزە و بەرینایی ئەو هەژاری و کارەساتەی بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا سەپێندراوە و هەروەها بەهۆی داماوی دەوڵەت لە کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە، درێژە و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان حاشاهەڵگر و حەتمییە. لەم قۆناغەدا گرنگترین ئەرکی سۆسیالیستەکان، پەرەپێدان و بڵێسەدانە بە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی تر، و یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوانە و، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و پەرەپێدانی ئاسۆی ڕزگاریخوازانەی سۆسیالیستییە

*****

هەر بۆیە، کۆمەڵە لە چل و حەوتەمین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی شەڕ و دەستپێکی هێرشی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستان و لە سەروبەندی چوارەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی و، لەپێناو ئاراستەکانی سەرەوەدا، ئاشکراکردن و لەقاودانی ماهییەتی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی شەڕی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ جەماوەریکردنی خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ بە ئەرکی خۆی دەزانێت. هەروەها کۆمەڵە بە شێوەیەکی پێداگرانە درێژە بە چالاکی ڕۆشنگەرانە

## بەیاننامەی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## سەبارەت بە بنبەستی شەڕ و دانوستانی دەوڵەتە تیرۆریستەکان و ئەرکەکانی ئێمە

ئێستا بە دەستپێکردن و بەرزبوونەوەی دەنگی ڕاگرتنی شەڕ لە نێو کۆمەڵگادا، وا دەردەکەوێت کە فاکتەری شەڕ جێگەی خۆی دەدات بە دەستتێوەردانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو بەرەنگاربوونەوە و ڕاگرتنی ئەم شەڕە وێرانکەرەی دوایی. کاریگەرییە کاولکارەکانی شەڕ و شوێنەوارە شوومەکانی لە قووڵایی کۆمەڵگە و لەسەر ژیان و گوزەرانی دەیان ملیۆن مرۆڤ و لە سەختی بژێویدا، ئەمڕۆ ئیتر درێژەدان بە ژیانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی خستووەتە بەردەم ئاڵنگارییەکی سەختەوە. ئێستا دوای چەندین مانگ لە شەڕ و دانوستان، لای هەمووان ڕوونە کە هیچ کام لە لایەنەکانی شەڕ نەیانتوانیوە لایەنی بەرامبەر تێکبشکێنن. شەڕ و هەڵە ستراتیژییەکانی هەردوولا لە درێژەی خۆیدا، کۆمەڵێک سنوورداری و لاوازیی ئەوانی دەرخست. لە ڕوانگەی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاوە، لەم شەڕەدا نەک هەر پاشەکشەپێکردن بە چین و ڕووسیا و جەمسەرە ڕکابەرەکان لە ئاسۆدا نییە، بگرە هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل نەبووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا. ئەم هەلومەرجە، دڵخوازی ئەو جەمسەرە ڕکابەرانەیە کە خوازیاری تێکشکانی ئەمریکان و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش بە هانای کۆماری ئیسلامییەوە چوون. گوشاری جیهانی لەسەر ترەمپ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و قەیرانی وزە و لە ئەنجامدا گوشاری ئابووری لە بەشگەلێکی جیهان بەهۆی داخرانی گەرووی هورمز، ناڕەزایەتی لەنێو دەسەڵات و بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئەمریکا و لەم دواییانەشدا هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە کەمبوونی تەقەمەنی و مووشەکی بەرگری و سەرەنجام هەڵبژاردنەکانی نێوانخولی مانگی نۆڤەمبەر لە ئەمریکا، هەموو ئەمانە ترەمپیان خستووەتە بیری مۆرکردنی پەیمانێکی ئاشتیی ئابڕوومەندانە و چوونەدەرەوە لەم شەڕە. پێکدادانە ناوەناوەکان و نێوەندگیرییە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتانی ناوچەکەش، لە ڕاستیدا تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاترە لەم دانوستانانەدا

بەڵام لە لایەنی بەرامبەردا، کۆماری ئیسلامی لە قەیران و

دەدات سەبارەت بە زیانبەخشبوونی هەڵوێست و سیاسەتی شەڕخوازانەی ناوەندی هاوپەیمانیی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان و ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی لایەنگریانن، کە بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خوازیاری درێژەکێشانی شەڕ و بەردەوامی هێرشەکانی ئەمریکان. ئەم شەڕە بە ڕەهەندەکانی بێکاری، گرانی و ئەو هەژاری و نەهامەتییەی بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و، بە پەراوێزخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، گەورەترین زەبری لە بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی داوە. سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان، جگە لەوەی ڕەگ و ڕیشەی لە بێبڕوایی قووڵی ئەوان بە هێزی مێژووسازی خەباتی جەماوەردایە، خەڵک لە چاوەڕوانی هێزی ڕزگارکەری دەرەوەی سنوورەکاندا ڕادەگرێت. ئەم سیاسەتە زیان بە هێزی هاوپشتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری دەگەیەنێت، کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی زیاتر لە هەر کاتێک قایمتر و تۆکمەتری کرد؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە گرەوی قایمکردنی هاوپشتی ئەم بزووتنەوەیەدایە لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی دیکەی کۆمەڵە، یارمەتیدانی ئامادەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ پێشڕەوی و پووچەڵکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکەن. ئەم دەرفەتانە نە بە هیوابەستن بە دەستتێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان و نە لەو ڕێگا چەوتەی کە حیزبە ناسیۆنالیستە شەڕانگێزەکان لە کوردستان خستوویانەتە بەردەم خەڵکی کوردستان، بەڵکوو تەنها لە ڕێگەی هاندان و پەرەپێدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی شەڕ و گرانی، بێکاری، کەمبوونی ئاو و کارەبا، دژی کوشتاری کۆڵبەران و سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانەئارای دروشم و تاکتیکی گونجاو لەگەڵ پێداویستییە واقیعییەکانی ئەم قۆناغە دەخوڵقێنرێن. هەر لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییانەیە کە دەرفەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوانە و پێکەوەگرێدانی تۆڕی چالاکان و ڕێکخەران لە ئاستی شارەکانی کوردستاندا دەڕەخسێت. چالاکانی کۆمەڵە و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی دیکە، تەنها بە ڕۆڵگێڕان لەم ڕێڕەوەدایە کە دەتوانن ئەرکە قورس و چارەنووسسازەکانی خۆیان لەم قۆناغەدا بە جێ بێنن

تەنها بە وەڕێخستن و بەرفراوانکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دژی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و ئەو بێمافییەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆرینەی خەڵکدا سەپاندوویەتی، دەتوانرێت دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، لە قوتابخانە و زانکۆکان، لە نەخۆشخانەکان، پێکهێنانی کۆمیتەکان، بنکەکان، شوراکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە گوندەکان و گەڕەکەکانی شارەکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکاندا بڕەخسێندرێت. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەر چەشنە بۆشاییەکی کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامی لاوازی حکوومەتی ئیسلامی لە هەر هەلومەرجێکدا دروست دەبێت، بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە جەماوەرییەکان پڕ بکرێتەوە. تەنها بە دروستکردنی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەرییانەیە کە لەگەڵ باشتربوونی هاوسەنگی هێزدا، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی کوردستان دەتوانن لە خوارەوە و بە پشتبەستن بەم دامەزراوانە، ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بگرنە دەست

دەبێت بە بانگەشەی بەردەوام بۆ ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی شورایی، دڵنیایی بدرێتە خەڵکی کوردستان کە دەسەڵاتداریەتی شورایی و بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لە پرۆسەی یاسادانان و کاروباری جێبەجێکردندا، بە باشترین شێوەی مومکین پێداویستییەکانی وەدیهێنانی ئازادییە بێقەیدوشەرتە سیاسییەکان، یەکسانی تەواوەتیی ژن و پیاو، جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە پەروەردە و فێرکردن، دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و... هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەکات. تەنها لە سایەی دەسەڵاتداریەتیی شورایی و بە بەشداری کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگادایە کە پرسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و لەپێناو بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتەی کوردستاندا چارەسەر دەکرێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی دەهێنرێت

شوراکان و دامەزراوەکانی تری دەسەڵاتی جەماوەر لە کوردستان، دەتوانن بە پشتبەستن بە ئامادەیی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا، پێشگیری لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپ و حیزبە چەکدارەکان بکەن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و بە شێوازێکی شارستانییانە مسۆگەر بکەن

کۆمەڵە وەک بەستێنی سەرەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان، بە هاوکاری نزیک لەگەڵ هێزەکان و چالاکانی تری چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان لە "شورای هاوکاری" و، لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە سەرتاسەری ئێراندا، پێداگرانە هەوڵ دەدات کۆمەڵگای کوردستان لەم تێپەڕگە سەختانە دەرباز بکات

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتیی شورایی خەڵک لە کوردستان**

**بژی سۆسیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥

١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

❊❊❊

شێواوییەکی زۆر قووڵتردا دەستوپێ لێدەدات و سەرەڕای ڕیزبەندی و ململانێکان لە لووتکەی دەسەڵاتدا، لە ڕاستیدا خوازیاری سازشێکە کە سەرجەم باڵ و دارودەستەکانی نێو حکومەت ڕەزامەندی لەسەر بدەن. تێچووی شەڕ و گەمارۆی دەریایی ئەمریکا و نەبوونی دەرفەتی فرۆشتنی نەوت، گورزێکی کوشندەی لە ژێرخانی دارایی و ئابووری هەمیشە نەخۆشی کۆماری ئیسلامی داوە. ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ کاریگەری خستووەتە سەر ژیانی دەیان ملیۆن مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێراندا و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و فەلاکەتی بەسەردا سەپاندوون کە درێژەدان پێی مەحاڵە. لە لایەکی دیکەوە، ئاسۆی تاریکی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە بە تێپەڕبوونی کات لە ڕاستیدا دژی کۆماری ئیسلامی دەچنە نێو پەیماننامە سەربازی و بەرگرییەکانەوە، هاوڕێ لەگەڵ درزی ئاشکرا لە سەرەوەی دەسەڵات و موقاوەمەت لەبەرامبەر سیاسەتی سازش و نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و تۆکمە، لاوازیی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر جەمسەری بەرامبەردا زیاتر دەرخستووە. لە لایەکی تریشەوە، داخستنی گەرووی هورمز کە لە سەرەتای شەڕدا وەک ئامرازێکی کاریگەر لەبەرامبەر ئەمریکادا بەکارهێنرا، دوای گەمارۆ دەریاییەکەی ئەمریکا و کۆدەنگی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ ئەمریکا بۆ کردنەوەی، ئێستا ئەو کاراییەی سەرەتای نەماوە و زیاتر بووەتە هۆی ناڕەزایەتی وڵاتانی زیاتر و گۆشەگیری پتر لە ڕابردووی کۆماری ئیسلامی. سەرباری ئەوانەی سەرەوە، کێشە سەرەکییەکەی کۆماری ئیسلامی نە شەڕ و ئاشتییە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکوو لە نێوخۆی کۆمەڵگای ئێران و لە بن گوێیدایە؛ ترسی کۆماری ئیسلامی لە وەخەبەرهاتنی دێوەزمە ٤٧ ساڵەکەی خەڵکی ناڕازی و وەگیانهاتوو، زۆر زیاترە لە هەر شەڕێکی دەرەکی. چونکە زۆر باش دەزانن چارەنووسی دەسەڵاتە نەگریسەکەیان سەرەنجام لەم نەبەردەدا یەکلایی دەبێتەوە و شووشەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە دەستی کۆمەڵگەیەکدایە کە چەندین نەوە لەژێر دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەکەیدا بەفیڕۆ چوون و تیاچوون

ئێستا ئیتر بۆ هەموو خەڵک ڕوون بووەتەوە کە کۆماری ئیسلامی هیچ وەهمێکی لەبەرامبەر سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی کۆمەڵگەدا نییە. وە ڕوو بە دەرەوە و بۆ سازش و ئاشتی هەر ئیمتیازێک بدات، لەبەرامبەر خەڵکی ناڕازیدا درێژە بە سەرکوتگەرییەکان و گوشینی گەرووی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دەدات. هەر ئەم ڕۆژانەی ئاشتی و دانوستانە نیشانی دا کە ئەم گۆڕەپانە دژە-جەماوەرییەی فەرامۆش نەکردووە؛ لە دەستبەسەرکردن و ڕەشبگیری هەر نەیارێکەوە بگرە تا توندترکردنەوەی سێدارەی جنایتکارانە و هەڕەشە و بانگێشتکردنی نەیاران و ناڕازییان، ڕێک لەلایەن باڵێکەوە بەڕێوە دەچێت کە دەیەوێت لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا بچێتە نێو سازش و لێکنزیکبوونەوەوە و وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی تائێستایدا بەرەوپێش ببات

ئەرکەکانمان لەم قۆناغەدا:

سەرەڕای کەشی هەڕەشەی شەڕ و هەروەها چنگ و ددان نیشاندانی کۆماری ئیسلامی دژی هەر جۆرە کەشێکی ناڕەزایەتی و دەربڕینی بێزاری، بەڵام هەروەک چۆن پێشبینی دەکرا، کۆمەڵگا ناتوانێت بینەری لەناوچوونی خۆی بێت و دووبارە هەڵدەستێتەوە. ناڕەزایەتییە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەم ڕۆژانەدا، نیشاندەری ئەم حەقیقەتە حاشاهەڵنەگرەن. بێگومان ئەم ناڕەزایەتییانە پەرە دەستێنن. خۆشبەختانە و بە دروستی، دروشمی ڕاگرتنی شەڕ خەریکە دەبێتە یەکێک لە داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو گورزەیە کە ئەم شەڕە وێرانکەرە لە ژیان و خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی داوە. دەبێت بۆ گشتگیرکردنی ئەم دروشمە و گرێدانی بە داواکارییەکانی خەباتی ئێستاوە هەوڵ بدەین. هەبوونی مەدەنییەت، مەرجی پێویستی ژیان و خەباتە دژی کۆماری ئیسلامی

بەهۆی ئەم شەڕەوە، بێکاری و گرانی، ژیانی دەیان ملیۆن کەسی خستووەتە سەر لێواری داڕمان. دابینکردنی بیمەی بێکاری کە لە خواستە هەمیشەییەکانی چینی کرێکار بووە، لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا حوکمی پاراستنی مانەوەی هەیە و دەبێت لە هەر ناڕەزایەتی و هەنگاوێکی بەکۆمەڵدا بۆ سەپاندنی بەسەر ڕژێمدا، پێداگرانە تێبکۆشین. کۆڵبەری و تاوانەکانی هێزە سەرکوتگەرەکان لە کوشتنی کۆڵبەراندا دەبێت ئیدانە بکرێت و لە ڕێگەی دابینکردنی بیمەی بێکارییەوە بەرەنگاری ئەم هەلومەرجە نامرۆییە ببینەوە

هەروەها بەهۆی شەڕەوە، پەروەردە و تەندروستی و کەمبوونی ئاو و کارەبا کە لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی خەڵکن، کەوتوونەتە بەر شاڵاو و لە ڕووی گیانی و داراییەوە زیانی گەورەی بە خەڵک گەیاندووە. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دەبێت بۆ دابینکردنیان، ڕژێمی گەندەڵی ئیسلامی بخاتە ژێر گوشارەوە. دژی سەرکوتگەری و زیندان و لەسێدارەدان، دەبێت بتوانین بە هێزێکی یەکگرتووەوە کۆماری ئیسلامی پاشەکشە پێ بکەین و گیانی مرۆڤە بەندکراوەکان ڕزگار بکەین

لە کوردستان، پێشڕەوی لە خەباتدا بۆ وەدیهێنانی ئەم داواکارییانە، هەروەک سەرانسەری ئێران، گرێدراوی هاوپشتی و ڕێکخراوبوونە. بەڵام لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە بەردەستەکان، دەبێت خۆمان بۆ هەلومەرج و پێشهاتە ئەگەرییەکان ئامادە بکەین. دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و شوراکانی شوێنی کار و ژیان، دەبێت لە ناوجەرگەی هەر ئەم خەباتانەوە بێتە بەرهەم و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستە بەهێزتر بکات، و بە ئاسۆی دەسەڵاتی شۆراییەوە، ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیستەکان بخاتە بەردەم کۆمەڵگە

و سەرەنجام نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە حیزبە ڕاسترەوەکان، چ لە ئاستی سەرانسەری و چ لە کوردستان، بە وەستان لە تەنیشت شەڕخوازانەوە، بەکردەوە بوونە شەریکی تاوان وماڵوێرانی خەڵک. حیزبە ناسیۆنالیستەکانی ناو "ناوەندی هاوپەیمانی" لە کوردستان، تەنانەت قۆڵیان لێ هەڵماڵی و ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەم شەڕە ماڵوێرانکەرەدا ڕاگەیاند، بەڵام ئەمجارەش سەریان کێشا بە بەردا و وەهمی "ڕژێم چەینج" و گۆڕینی کۆماری ئیسلامی لە سەرەوە، لەگەڵ خەون و خەیاڵی سواربوون بەسەر چارەنووس و موقەدەراتی خەڵکدا بووە دووکەڵ و بە ئاسماندا چوو. ئەم سیاسەتەی حیزبە ناسیۆنالیستەکان، سەرباری زیانگەیاندن بە خەباتی خەڵک و پەرەپێدانی پشوودرێژی و چاوەڕوانی لە نێو کۆمەڵگەدا، لە کرداردا بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی و دابڕانی خەباتی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەرانسەری

ئێستا پەڕەکە وەرگەڕاوە، "ڕژێم چەینج" مردووە و حیزبە ناسیۆنالیستەکان یان لە سەرگەردانیدا دەژین، یان بە سەرکێشییە سەربازییەکانەوە چاوەڕوانی دەرفەتی داهاتوون بۆ مامەڵە و بەندوبەست، کە ڕەنگە ئەمجارەش دووبارە لەگەڵ خودی کۆماری ئیسلامیدا بێت. داهاتوو هەرچۆنێک دەربکەوێت، شەڕی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران، ڕیزی دۆستان و دوژمنانی خەڵکی لەلای کۆمەڵگەی کوردستان ئاشکرا کرد

کۆمۆنیستەکان و بەرەی سۆسیالیستی کوردستان لەم قۆناغە گرنگەدا سەربەرزانە هاتنە دەرەوە و بە دژایەتیکردن و ئاشکراکردنی ئامانجەکانی شەڕخوازان، لە تەنیشت کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانەوە وەستان و بەرگرییان لە ماڵ و گیان و مەدەنییەتی ئەوان کرد. بەم حاڵەوە، لەم قۆناغەشدا ئەرکگەلێکی قورس و چارەنووسسازمان لەپێشە. دەبێت بە وریاییەوە بەشداری لە خەباتی ئازادیخوازانە دژی کۆماری ئیسلامی بکەین و ئەلتەرناتیڤێکی ڕوون بۆ کۆمەڵگەی دوای کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئازادی و بەرابەری و بەڕێوەبردنی شۆرایی کۆمەڵگە و هەوڵی پێداگرانە بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان، بکەینە سەرمەشقی خەباتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەور و نەخش نواندن و کاریگەریدانان لەم ڕێڕەوەدا بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

***

**بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

alternative-shorai.tv

## بەیاننامەی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## بەبۆنەی ۲۸ی گەلاوێژ؛ وەبیرهێنەرەوەی دەستپێکی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ ناکرێت لە مێژووی شۆڕشی خەڵکی ئێران جیا بکرێتەوە. کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەمین مانگەکانی دامەزراندنیدا تێگەیشت کە کوردستان، بە کەشێکی کراوەی سیاسی، ئامادەیی بەرفراوانی خەڵک لە مەیدان و گەشەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانەوە، لەگەڵ ئەو نەزمە ئیستبدادی و مەزهەبییەی کە ئەو حکوومەتە دەیەوێت، یەک ناگرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش، پەلاماردانی کوردستان بەشێک بوو لە پرۆژەی سەرتاسەری کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕش و گەڕاندنەوەی کۆمەڵگا بۆ ژێردەستەیی سیاسی، چینایەتی و مەزهەبی

خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا، داواکاریی ڕوون و دیاریکراویان هەبوو: بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکان، دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان، بەشداریکردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن و نایەکسانی. ئەم خواست و ویستانە لە ڕێگەی وتووێژ و خەباتی سیاسییەوە پێوشوێنیان گیرا، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی ئامادە نەبوو قبووڵیان بکات. فەرمانی جیهادی خومەینی، دەستپێکی لەشکرکێشی بۆ سەر شار و گوندەکانی کوردستان و بەکارهێنانی ئەرتەش، سپا و هێزە چەکدارەکانی حکوومەت، ئەوەی دەرخست کە کۆماری ئیسلامی کێشەی کوردستان نەک تەنیا وەک کێشەیەکی سیاسی، بەڵکوو وەک پرسێکی ئەمنی و سەربازی دەبینێت

پەلاماری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئێعدامە مەیدانییەکان، گەمارۆدانی شارەکان، هێرشکردنە سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون و دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەردا ئاوێتە بوو. لە پاوە، سەقز، مەریوان، سنە و گوندەکانی وەک قاڕنێ، قەڵاتان و ئیندێرقاش، خەڵک ڕووبەڕووی تاوانگەلێک بوونەوە کە ئامانج لێیان تەنیا لەناوبردنی کەسانی خەباتکار نەبوو؛ بەڵکوو حکوومەت دەیویست ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵک تێک بشکێنێت و بە هەمووانی نیشان بدات کە هەر چەشنە خۆڕێکخستنێکی سەربەخۆ، بە توندوتیژی وەڵام دەدرێتەوە

بەڵام کۆمەڵگای کوردستان تەسلیم نەبوو. خۆڕاگریی خەڵک لە شارەکان، مانگرتن و ناڕەزایەتییە شەقامییەکان، چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەڵمەتی پێشمەرگەکان، دەرفەتی جێگیرکردنی خێرای هەژموونی حکوومەتی لەبار برد. کۆماری ئیسلامی ناچار بوو لە هەندێک قۆناغدا ئاگربەست قبووڵ بکات و بێتە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەم پاشەکشەیە دەرەنجامی لوتف یان نەرمینواندنی حکوومەت نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی گوشاری خۆڕاگری ڕێکخراوەیی خەڵک بوو

خەباتی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا تەنیا بەرگریکردن لە خۆ لە بەرامبەر پەلاماری سەربازیدا نەبوو. لە نێوان ئەو دوو هێرشەدا، خەڵک هەوڵیان دا کاروباری کۆمەڵگا لەسەر بنەمای داهێنان و بەشداری ڕاستەوخۆی خۆیان بەڕێوە ببەن. شوراکان، دامەزراوە خۆجێییەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی هاوکاریی بەکۆمەڵ سەریان هەڵدا. ژنان بەشدارییەکی چالاکانەتریان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پەیدا کرد، پەیوەندییە نەریتی و دەرەبەگایەتییەکان خرانە ژێر پرسیارەوە و زەمینە بۆ پەروەردەی پێشکەوتوو و بەشداری گشتی ڕەخسا

ئەم ئەزموونە، هەرچەندە کورتخایەن و نایەکسان و لە بارودۆخێکی جەنگیشدا بوو، بەڵام گرنگییەکی مێژوویی هەبوو. خەڵک بۆ یەکەمین جار لە ڕەهەندێکی بەرفراواندا دیتیان کە مەرج نییە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا تەنیا لە دەستی دەوڵەت، ئەرتەش، زەویدارەکان یان نوخبە سیاسییەکاندا بێت. بەرگریکردنەکانی دواتری کوردستان، بەرگریکردن بوو لە دەرفەتی ئازادی، یەکسانی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا

حکوومەتی ئیسلامی لە بەهاری ۱۳۵۹ بە ڕێکخستنی هێرشێکی بەرفراوانتر، دەستی بە پەلاماردانی کوردستان کردەوە. شاری سنە و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکە، چەندین هەفتە لە بەرامبەر چەکە قورسەکان و هێزە سەربازییەکانی حکوومەتدا خۆڕاگرییان کرد. ڕژیم سەرەنجام بە پشتبەستن بە باڵادەستی سەربازیی خۆی توانی بەشگەلێک لە ناوچەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە سەربازییە هەرگیز بە مانای کۆتاییهاتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان نەبوو

خەڵکی کوردستان لە دەیەکانی دواتردا، لە فۆرم و چوارچێوەی جۆراوجۆردا درێژەیان بە خەبات دا: لە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و مانگرتنە گشتییەکانەوە بگرە تا خۆڕاگری لە بەرامبەر ئێعدام، سەرکوت، هەڵاواردنی نەتەوەیی و کوشتاری کۆڵبەران. بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»ش دەرخەری ئەوە بوو کە خواستی ئازادی لە کوردستاندا، لە خەباتی سەرتاسەری خەڵکی ئێران جیاواز نییە. دروشم و خەباتی خەڵکی کوردستان، جارێکی تر گرێدراویی نێوان ئازادیی ژن، یەکسانی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی هێنایەوە ناو دڵی کۆمەڵگا

ئێستا لە ساڵوەگەڕی ۲۸ی گەلاوێژدا، کۆمەڵگای ئێران ڕووبەڕووی قەیرانگەلێکی تێکئاڵاو بووەتەوە: شەڕ، گەمارۆ، هەژاری، بێکاری، هەڵاوسان، وێرانکردنی ژینگە، کەمی ئاو و وزە و توندتربوونەوەی سەرکوتی سیاسی. کۆماری ئیسلامی کەڵک لە کەشی شەڕانگێزی وەردەگرێت بۆ ئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگا، کپکردنی ناڕەزایەتییەکان و پاساوهێنانەوە بۆ گوشاری ئابووری. لە هەمان کاتیشدا، دەوڵەتی ئەمریکا و زلهێزە ناوچەییەکانی دیکەش نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خەڵک ناکەن؛ ئەوان بەدوای پەرەپێدانی پانتایی هەژموونی خۆیان، دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و سەپاندنی نەزمی سیاسیی دڵخوازی خۆیانن

کۆتاییهێنان بە شەڕ نابێت بسپێردرێتە بڕیاری دەوڵەتان، دانوستانەکانی پشت دەرگا داخراوەکان، یان مامەڵەی نێوان زلهێزە سەربازییەکان. خەڵکی ئێران و کوردستان دەبێت داواکاری ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، کۆتاییهێنان بە پەلامارە سەربازییەکان و وەلانانی ئەو سیاسەتانە بن کە ژیانی ملیۆنان مرۆڤیان کردووەتە گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتان. دژایەتیکردنی شەڕی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بە مانای بەرگریکردن نییە لە کۆماری ئیسلامی؛ هەروەک چۆن دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیش نابێت ببێتە هۆی پشتیوانیکردن لە بۆردومان و دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکان

هەڵوێستی سەربەخۆ و چینایەتیی خەڵک، ڕەتکردنەوەی هەردوو جەمسەرە کۆنەپەرستەکەی ئەم شەڕەیە: ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی و ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی ئیمپریالیستی. ڕێگای ڕزگاریی کۆمەڵگا بە خەباتی سەربەخۆی کرێکاران، ژنان، لاوان و سەرجەم چەوساوەکاندا تێدەپەڕێت، نەک بە مووشەکی دەوڵەتان و بەڵێنی زلهێزە دەرەکییەکان

هەلومەرجی ئێستا، زیاتر لە هەر شتێک، زەرووڕەتی پەرەپێدانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و گرێدانی خەباتە پەرتەوازەکان زەق دەکاتەوە. ناڕەزایەتیی کرێکاران و خانەنشینان، خەباتی ژنان، خۆڕاگریی خوێندکاران، کەمپەینی دژ بە ئێعدام، خەباتی دادخوازانە و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان، پێکهاتەی لەیەکترجیاواز نین. هەر کام لەم خەباتانە، بەشێکن لە خەباتی گشتیی کۆمەڵگا دژی چەوسانەوە، هەڵاواردن و ئیستبداد

بۆ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم ناڕەزایەتییانە ببنە هێزێکی ڕێکخراو و بەردەوام.



پێکهێنانی کۆبوونەوە گشتییەکان، شورای کرێکاران، ڕێکخراوە سەربەخۆکانی ژنان، کۆمیتەی گەڕەکەکان، دامەزراوە خوێندکارییەکان و تۆڕەکانی هاوپشتی لە شار و گوندەکاندا، مەرجی ئەوەیە کە خەڵک لە دۆخی نارەزایەتییە پەرتەوازەکان تێپەڕن و لە دیاریکردنی ڕێڕەوی خەباتدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبێت

لە کوردستاندا دەبێت دژی گرانی، بێکاری، بێئاوی، پچڕانی کارەبا، سەرکوتی کۆڵبەران، ئێعدام و هەڵاواردنی نەتەوەیی و هەڵاواردن دژی ژنان خەبات بکرێت. ئەم داواکارییانە دەبێت گرێ بدرێنەوە بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرتاسەری ئێراندا. هێزی گۆڕانکاری نەک لە چاوەڕوانی بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، بەڵکوو لە خۆڕێکخستنی خەڵک و لە یەکگرتوویی خەباتکارانەی ئەواندا شاراوەیە

ئێمە دەسەڵاتی شورایی وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ دەوڵەتە ئیستبدادی، مەزهەبی، سەرمایەدار و پاشکۆکان دەزانین. لە سیستەمێکی وەهادا، بڕیاردان لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاوانکاری دەوڵەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەردەچێت و دەسپێردرێتە ئەو دامەزراوانەی کە خەڵک خۆیان لە شوێنی کار و ژیانیاندا پێکەوەی دەنێن. چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان، لە خەباتی چینایەتی و خەبات بۆ ئازادییە گشتییەکان جیاواز نییە. خەڵکی کوردستان دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بدەن؛ بەڵام ئەم بڕیارە دەبێت لەسەر بنەمای بەشداری سەرجەم خەڵک، یەکسانیی ژن و پیاو، بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەریی خەڵکی ئێراندا فۆرم بگرێت، نەک لەسەر بنەمای ململانێی حیزبە چەکدارەکان یان پشتبەستن بە دەوڵەتانی دەرەکی

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی گیانبەختکردووان و تێکۆشەرانی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت کە لەپاڵ کرێکاران، ژنان، لاوان و تەواوی خەڵکی ئازادیخوازدا، بۆ پەرەپێدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، بۆ دژایەتیکردنی شەڕ و دەستێوەردانی دەرەکی، بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بۆ گرێدانی خەباتی کوردستان بە بزووتنەوە سەرتاسەرییەکانەوە تێبکۆشێت

٢٨ی گەلاوێژ بۆ ئێمە تەنیا وەبیرهێنەرەوەی تاوانێکی مێژوویی نییە؛ بەڵکوو نیشانەی ئەو ڕاستییەشە کە ئازادی ناکرێت لە سەرەوە وەک دیارییەک وەربگیرێت و ناکرێت لە دەرەوەش هاوردە بکرێت. ئازادی ئەو کاتە جێگیر دەبێت کە خەڵک بۆخۆیان ڕێکخەر بن، بڕیار بدەن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بگرنە دەست

**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شورایی خەڵک**

**بژی سۆسیالیزم**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٢٦ی گەلاوێژی ١٤٠٥ ــ ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

***

# «گەلاڵەیەک بۆ «هاوپشتیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی یان پرۆژەیەک بۆ چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە؟

سەرەنجام پاش تێپەڕینی نزیکەی ساڵێک و نیو بەسەر بانگەوازی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٥دا، پارتی داد و گەشە (ئاکەپە) بە ڕێبەریی ئەردۆغان ڕەشنووسی پرۆژەیاسایەکی لەژێر ناوی «هاوپشتیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی» خستە بەردەم پەرلەمانی تورکیا. ئۆجەلان لەو پەیامەدا بە جەختکردنەوە لەسەر زەرووڕەتی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، داوای لە پەکەکە کرد چەک دابنێت، کۆنگرە ببەستێت و هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕابگەیەنێت. بەڵام حکوومەتی ئەردۆغان، لە درێژەی سیاسەتە فاشیستییەکانیدا و بێ ئەوەی تەنانەت باسێک لە چارەسەری پرسی کورد بکات، ڕەشنووسی ئەم پرۆژەیاسایەی بە ئامانجی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و چەککردنی تەواوەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان، پێشکەشی پەرلەمانی تورکیا کردووە

ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە بەیاننامەیەکدا ئامانجی ئەم گەلاڵەیەی بۆ «بەهێزکردنی یەکڕیزیی نەتەوەیی لە ڕێگەی بنەبڕکردنی هەمیشەیی هەڕەشەی تیرۆریزم» گەڕاندووەتەوە؛ واتە دەیەوێت بە زمانی هەڕەشە و شەڕ، ئاشتی و هاوپشتیی نەتەوەیی بەدیبهێنێت. لە کاتێکدا ئەردۆغان ڕەسەنایەتیی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا بۆ بنەبڕکردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتە فاشیستییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەم بزووتنەوەیە بە تیرۆریزم وەسف دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پاکانە بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتی و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ئەم وڵاتە و ئەو تاوانانە دەکات کە لە دەیەکانی ڕابردوودا دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجام دراون. ژەنەراڵ و فەرماندەکانی ئەرتەش و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا، کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان لە تورکیا، سووریا و عێراق سوورە، دەبێت میداڵی شانازیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بدەن لە سنگیان، بەڵام ئەو لاوانەی لەژێر گوشاری سەرکوتگەرییەکان و بێبەریبوونە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دژ بە دۆخی هەنووکەیی دەستیان داوەتە چەک، دەبێت بە سووکایەتییەوە چەکەکانیان دابنێن، و ئەگەر شانسی گەڕانەوە بۆ تورکیاشیان پێ درا، دەبێت سێ ساڵ لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دامەزراوە و دەزگا ئەمنییەکاندا بن، تاوەکوو بەپێی پێوەرەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتدار مافی ئازادیی ڕادەربڕین بەدەست بهێنن. ئەم هاوکێشە زۆر زاڵمانە و نایەکسانە و ئەم ڕوانگە ئەمنییە، بەسەر تەواوی پێکهاتەی پرۆژەیاسا پێشنیارکراوە دوازدە ماددەییەکەی پارتی داد و گەشەی ئەردۆغاندا بەتەواوی زاڵە

بەپێی پرۆژەیاسا پێشنیارکراوەکە، داوا لە ئەندامانی پەکەکە دەکرێت لە ماوەی شەش مانگدا چەکەکانیان دابنێن و بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، بەو مەرجەی لە ماوەی سێ ساڵدا هیچ تاوانێکی نوێ ئەنجام نەدەن، ئەوکات ڕێگەیان پێ دەدرێت لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن. واتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، سەرجەم ئەندامانی پەکەکە وەک تاوانبار هەژمار دەکرێن و تەنیا لە ئەگەری ئەنجامنەدانی تاوانی نوێدا، پاش سێ ساڵ ئازادیی چالاکیی سیاسی بەدەست دەهێنن. بەپێی ڕاپۆرتی میدیا دەوڵەتییەکانی تورکیا، ئەگەر ئەم پرۆژەیاسایە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، زەمینەی گەڕانەوەی مەرجداری زیاتر لە ٤٠٠٠ ئەندامی پەکەکە کە لە کوردستانی عێراق و سووریا جێگیرن، ئامادە دەبێت. هەروەها بەپێی ئەم پرۆژەیاسایە، لە نێو زیاتر لە ٤٥٠٠ زیندانیی سیاسیی تۆمەتبار بە ئەندامێتی لە پەکەکە یان پەیوەندیدار بەم کەیسەوە، ئەوانەی تاوانی کوشتنیان لە دۆسیەکانیاندا نییە، بەشێوەی مەرجدار و لەژێر چاودێریی دامەزراوە ئەمنییەکاندا لە زیندان ئازاد دەکرێن. ئەگەرچی لەم پرۆژەیاسا پێشنیارکراوەدا ناوێک لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان نەهێنراوە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەیکە ئەو تاوانانەی پێش یەکی ژوەنی ٢٠٠٥ ڕوویان داوە و سزای زیندانی هەتاهەتایی یان زیندانی هەتاهەتایی قورسیان هەیە لە چوارچێوەی یاساکە دەرهێنراون، ڕوونە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەر لە زینداندا دەمێنێتەوە. بەپێی ئەم پرۆژەیاسایە نەک تەنیا ڕێبەرە زیندانیکراوەکەی پەکەکە، بەڵکوو سەدان فەرماندە و سەرجەم ئەو کادر و ئەندامانەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ پەیوەندییان بەم پارتەوە کردووە، ئەم پرۆسەیە نایانگرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم پرۆژەیاسا ١٢ ماددەییە، نەک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا، بەڵکوو چوارچێوەی پرۆژەیەکی دارشتووە تاوەکوو پرۆسەی چەککردنی تەواوەتیی پەکەکە، هەڵوەشاندنەوە و کۆتاییهێنان بە چالاکییەکانی، لەژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی دەستەیەکی هەڵسەنگاندن و هەماهەنگیدا کە پێکهاتووە لە وەزیرانی داد، بەرگری، ناوخۆ، سەرۆکی میت و سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆککۆمار، بخرێتە بواری جێبەجێکردن و تاقیکردنەوەوە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (دەم پارتی)، ئەم یاسایەی «نەک وەک کۆتایی ڕێگا، بەڵکوو وەک دەستپێکی ڕێگایەکی گرنگ کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم هاووڵاتییاندا دەبێت» هەڵسەنگاندووە. سەرکردایەتیی پەکەکەش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە «کە ئەم یاسایە خاڵێکی دەستپێکە؛ بۆ چارەسەری سەرجەم پرسەکان، بەتایبەت پرسی کورد، دەبێت هەوڵەکان بۆ دیموکراتیزەکردن فراوانتر بکرێن. ئەگەر ئەو یاسایەی پەسەند دەکرێت بەڕاستی ڕۆڵی یاسایەکی چوارچێوەیی ببینێت، دەتوانێت ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ پێشکەوتنە گرنگەکان». سەرکردایەتیی پەکەکە لەم بەیاننامەیەدا بەتایبەتی جەختی لە گرنگی و زەرووڕەتی ئازادیی ئۆجەلان و ڕابەرایەتیکردنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن ئەوەوە کردووەتەوە

بەڵام سەرەڕای وەهم و خۆشباوەڕیی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان و سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان بە دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لە تورکیا و چارەسەری پرسی کورد، ئەوەی لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە سایەی دەسەڵاتی پارتەکەی ئەردۆغاندا لە ئارادا بووە، نەک پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی تورکیا، بەڵکوو جێگیرکردنی هەژموونی سیاسەتە فاشیستییەکان بووە. جەماوەری کوردستانی تورکیا لە یادیانە کە چۆن دەوڵەتی ئەردۆغان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نارەزایەتییەکانی پارکی

گەزی لە ساڵی ٢٠١٣دا، ماسکی میانەڕەوی و ئاشتیخوازیی لە دەموچاو فڕێدا و بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، هێزی پۆلیسی لە ئاستێکی بەرفراواندا بەکار هێنا. لە ئەنجامی پەلاماری پۆلیسدا، هەزاران خۆپیشاندەر بریندار بوون و لانی کەم ١١ کەسیش گیانیان لەدەست دا. سێ ساڵ دوای سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی پارکی گەزی، کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦ بە سەرکردایەتیی ئەفسەرانی گولەنی، دەرفەت و بیانوویەکی بۆ ئەردۆغان ڕەخساند تاوەکوو پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لە دەرەوەی سنووری پەرلەمان و سیستەمی دادوەری، لە نێو ڕیزەکانی ئەرتەش، پۆلیس و سیستەمی دادوەریدا قایمتر بکات. لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ئەم کودەتایەدا، زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس لە فەرمانبەرانی دەوڵەت، سەربازان، پۆلیس، مامۆستایان بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆ دەرکران یان هەڵپەسێردران. زیاتر لە ٤٠ هەزار سەرباز و ئەفسەری سەربازی، لەوانە ژەنەراڵ و فەرماندە باڵاکان دەستبەسەر کران. ١٥٠ دەزگای ڕاگەیاندن کە پێکهاتبوون لە ڕۆژنامە، کەناڵە تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆییەکان، داخران

خەڵکی کوردستان لە یادیانە کە دەوڵەتی ئەردۆغان پاش ئەم سەرکوتگەری و پاکسازییانە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی بە ڕێبەریی سەڵاحەدین دەمیرتاشی کردە ئامانج، کە دژایەتیی ڕوانگە فاشیستییەکەی دەوڵەتی ئەردۆغانی کردبوو. سەڵاحەدین دەمیرتاش وەک یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم پارتە یاساییە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارانی کورد زیندانی کران و زۆربەیان تا بە ئەمڕۆش لە پشت میلەکانی زیندانن. زۆرێک لەو سەرۆک شارەوانییانەی کە لەلایەن خەڵکەوە لە شارەکانی کوردستان هەڵبژێردرابوون لە کارەکانیان دوورخرانەوە و قەییوومەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان جێگەیان گرتنەوە. لە دوای ئەم زنجیرە ڕێکارانە، هاوپەیمانیی ئەردۆغان لەگەڵ پارتی ڕاستڕەو و توندڕەوی «بزووتنەوەی نەتەوەیی» (مەهەپە) بە ڕێبەرایەتیی دەوڵەت باخچەلی، کە بە «هاوپەیمانیی کۆمار» ناسراوە و لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە پێکهاتووە، زیاتر لە جاران ماهییەتی فاشیستانەی ڕوانگەکەی ئەردۆغانی ئاشکرا کرد. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ـیشدا، ئەم هاوپەیمانییە ڕۆڵی کلیلیی هەبوو لە سەرکەوتنی ئەردۆغاندا. ئەردۆغان بە پشتگەرمی بەم هاوپەیمانییە، سەرکوتی نەیارانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤی چڕتر کردەوە، یاسای نوێی بۆ سنووردارکردنی ئازادیی میدیا و بەکارهێنانی ئینتەرنێت پەسند کرد و بە دەستێکی کراوەترەوە درێژەی بە میلیتاریزم و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستانی سووریا و عێراق دا. دەستبەسەرکردنی ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبوڵ و ڕکابەری سەرەکیی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆککۆماریدا، هەروەها دەستگیرکردنی زیاتر لە هەزار ڕۆژنامەنووس، چالاکی سیاسی و سێکولار، خاڵێکی وەرچەرخانی دیکە بوو لە داڕمانی سیستەمی سیاسیی تورکیا بەرەو ڕژێمێکی پاوانخواز و فاشیستی

بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییانە لە تورکیادا لە کاتی هاتنەسەرکاری حیزبەکەی ئەردۆغانەوە تا ئێستا، و بە سەرنجدان بەوەی کە دەوڵەتی تورکیا نەک تەنیا هیچ هەنگاوێکی نەناوە کە نیشاندەری نییەتی باشی بێت بۆ کۆتایهێنان بە سەرکوت و میلیتاریزم و بەفەرمیناسینی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان، گەشبینیی سەرکردایەتیی پەکەکە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لە تورکیا و چارەسەری پرسی کورد، هیچ بنەمایەکی بابەتی و واقیعیی نییە. لە کاتێکدا هیچ پابەندبوونێکی کرداری بۆ ناچارکردنی دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی کۆتایهێنان بە سەرکوتگەرییەکان و چارەسەری دیموکراتیکانەی پرسی کورد نەخراوەتە ڕوو، دەربڕینی ئومێد لەلایەن سەرکردایەتیی پەکەکە بۆ دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن و چارەسەری پرسی کورد و پێشوازیکردن لە چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، جگە لە تەسلیمبوونی بێ قەید و شەرت لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازیی نیۆعوسمانیستیی ئاکەپە و مەهەپەدا، هیچ مانایەکی دیکەی نییە. ئەگەر بەڕاستی پرۆسە و کەشوهەوایەکی نوێ بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی تورکیا و چارەسەری پرسی کورد دەستی پێکردووە، بۆچی دەبێت چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بکرێتە پێشمەرجی دەستپێکی ئەم پرۆسەیە؟ پارتێکی سیاسیی چەکدار، لەوانەش پەکەکە، دەتوانێت بەپێی نەخشەڕێگای سیاسیی خۆی، بۆ قۆناغێک خەباتی چەکداری لە بەرنامەی کاری خۆی دەربهێنێت، بێ ئەوەی پێویست بکات چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی بێ قەید و شەرتی خۆی قبووڵ بکات

بەڵام مەسەلەکە لەوە قووڵترە. لە جیهانی واقیعدا، سەرکردایەتیی پەکەکە ماوەیەکە ڕێڕەوی پەیوەستبوون بە ستراتیژیی سیاسیی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلانی گرتووەتە بەر و هەر لەبەر ئەمەشە لەژێر ناوی دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن، بەرەوپیری چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەچێت. پەکەکە، کە بەهۆی ماهییەتی ناسیۆنالیستیی ئامانج و سیاسەتەکانییەوە ناتوانێت لە ڕێگەی هێنانەمەیدانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان، و لەوانەش هەڵکێشانی ڕەگی چەوسانەوەی نەتەوەیی کە دووکەڵەکەی زیاتر لە هەمووان دەچێتە چاوی چینوتوێژە ژێردەستەکانەوە، ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا ببێتەوە و ستراتیژیی ڕیفۆرمخوازانەی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان بەرەوڕووی ئاڵەنگاری بکاتەوە، لە کرداردا ڕێڕەوی هاوتەریببوون لەگەڵ ئەم ستراتیژییە ڕیفۆرمخوازانەیەی گرتووەتە بەر. ئەمە لە کاتێکدایە کە نە پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان و نە هیچ پارتێکی بۆرژوازی بە هەر ئەندازەیەکیش «چەپ» و ڕیفۆرمخواز بێت، ناتوانێت بە پەیوەستبوون بە پرۆسەی دیموکراسیی بەردەست لە تورکیادا، خواستە دیموکراتیکەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەدی بهێنێت. ئەرکی بەدیهێنانی خواستە دیموکراتیکەکانی ئێستا و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەش، کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ و هاوپەیمانەکانی. لە کوردستانی تورکیاشدا تەنیا لە ڕێگەی هێنانەمەیدانی سۆسیالیستیانەی چینی کرێکار و وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییە دیموکراتیکەکانی نێو کۆمەڵگە، و لەوانەش نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان و بێبەشانەوەیە، کە دەتوانرێت سیاسەتە فاشیستییەکانی ئاکەپە و مەهەپە و هەروەها ستراتیژیی ڕیفۆرمخوازانەی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان بخرێتە ژێر پرسیارەوە

❋❋❋

# چڕکردنەوەی سەرکوت و لەسێدارەدان، ستراتیژی مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی

لە کاتێکدا قەیرانە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانی ڕژێمی ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر و بەربڵاوتر دەبنەوە؛ لە بارودۆخێکدا کە ململانێ و کێشمەکێشی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بە کردەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی درێژخایەنەوە و، گوشارێکی ئابووری یەکجار قورس کەوتووەتە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێش و بەشمەینەتەکان و کۆمەڵگای خستووەتە لێواری تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتی ئیسلامیش لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان پەرەی سەندووە. لەم سۆنگەیەوە، دەزگا ئەمنی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە خرۆشانێکی جەماوەری، لەبری چارەسەری ئابووری و سیاسی، بە مەبەستی دروستکردنی ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگادا و مسۆگەرکردنی مانەوەی نیزامە ئیسلامییەکەیان، کەوتوونەتە گیانی کۆمەڵگا و هەوڵی چڕکردنەوەی سەرکوت و فراوانکردنی شەپۆلی لەسێدارەدانەکان دەدەن. هەر لەم پێناوەشدا، مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی گەلاوێژ، بە پەسەندکردنی گەڵاڵەیەکی ئەمنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی کە ناویان ناوە "دزەکردنی دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتان و دامەزراوە بیانییەکان لە وڵاتدا"، هەوڵ دەدات حەریمی ژیانی تایبەت و سەرجەم ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەزگا ئەمنییەکانەوە

لەم پەیوەندەدا، عەباس گودەرزی، وتەبێژی دەستەی سەرۆکایەتی مەجلیس وتی: "بەپێی ئەم گەڵاڵەیە هەر جۆرە چالاکی و پەیوەندییەکی کەسانی حەقیقی و حقوقی لەگەڵ کەسایەتی و کارگێڕانی بیانی لە ڕەهەندەکانی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا دەبێت لە چوارچێوەی ئەم گەڵاڵەیەدا بێت و سەرپێچیکردن لە هەر یەک لە بڕگەکانی تاوانە و سزای بەدواوەیە". سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسیش لە ڕوونکردنەوەی ئەم گەڵاڵە ئەمنییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دزەکردنی بێگانە وتی نابێت ڕێگە بدەین ئەم گەڵاڵەیە دوا بکەوێت، چونکە بەرەنگاربوونەوەی دزەکردنی دەرەکی پرسێکی چارەنووسسازە بۆ "وڵات". بێگومان گەڵاڵەیەکی لەم شێوەیەش قەت دوا نەکەوتووە؛ دەزگا ئەمنییەکان و دەزگای دادوەریی ڕژێمی ئیسلامی دەمێکە بە دروستکردنی دۆسیەی ساختە و لەژێر ئەشکەنجەدا، چالاکانی سیاسی و مەدەنی نەیاری ڕژیم بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە بریکار و دەستوپێوەندی ئیسرائیل و ئەمریکان دادگایی دەکات و سزای لەسێدارەدان و زیندانیی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێنێت. بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا کە حکومەتی ئیسلامی لەوپەڕی لاوازی و زەبوونیدایە، تەنیا بە ئامانجی زاڵکردنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا، گەڵاڵەیەکی لەم چەشنە لە مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا پەسەند دەکات

پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە لە کاتێکدایە کە ڕژێمی ئیسلامی بە هەمان ئامانجەوە ئاماری لەسێدارەدانەکانیشی بە شێوەیەکی بێوێنە بەرز کردووەتەوە و تەنیا لە حەوت

مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٦٠ زیندانی دیکەی لەسێدارە داوە، کە ١٣ حاڵەتیان بە شێوەیەکی درندانە و لەبەرچاوی خەڵک (مەیدانی) جێبەجێ کراون، هاوکات سزای لەسێدارەدانیشی بۆ زیاتر لە ١٣٠ کەسی دیکە دەرکردووە. ئەم لەسێدارەدانانە گومانی لای کەس نەهێشتووەتەوە کە ئامانجی ڕژێم تەنیا تۆقاندنی کۆمەڵگا و بێدەنگکردنی جەماوەرە لە بەرامبەر هەژاری، برسیەتی و بەردەوامبوونی شەڕدا، تا بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ماوەیەکی دیکەش درێژە بە دەسەڵاتە نگریسەکەی بدات. بەڵام کردەوەی قێزەونی لەسێدارەدان لەبەرچاوی خەڵک، لەبری بەرهەمهێنانی ترس و بێدەنگی، ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی جەماوەر و مەحکوومکردنی ئەو تاوانە لەلایەن خەڵکەوە بووەتەوە

ڕەوتی پەرەسەندنی لەسێدارەدانەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، ناڕەزایەتی ناوەندە کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و، لەم دواییانەشدا بەشێک لە دەوڵەتەکانیشی لێ کەوتووەتەوە. هەر لەم پێناوەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی گەلاوێژ، سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحدی ئوتوبووسرانی تاران و دەوروبەری، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، وێڕای مەحکوومکردنی لەسێدارەدانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم تاوانەی وەک چەکێکی پێکهاتەیی و ڕێکخراو بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن، ئیفلیجکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوتکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ و جەماوەرییەکان وەسف کردووە. ئەم بەیاننامەیە بە ئاماژەدان بە قەیرانە ئابوورییە کەمەرشکێنەکان و بەردەوامی شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەکان، جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەسەڵاتی ئیسلامی هێشتا وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک بۆ نان، کار و ئازادی، بە توندوتیژترین ئامرازی ترس و تۆقاندن، واتە پەتی سێدارە دەداتەوە. بەیاننامەکە وێڕای مەحکوومکردنی لەسێدارەدانە سیاسییەکان و دادگا فەرمایشی و بەپەلەکان، لەژێر هەر ناوێک و بە هەر تۆمەتێک و بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە ڕێکخراوە سەربەخۆکان و سەندیکا و فیدراسیۆنە جیهانییە کرێکارییەکان داوا دەکات ببنە دەنگی ناڕەزایەتییان، هاوکات خوازیاری کۆتاییهێنان بە شەڕ و ڕاگرتنی دەستبەجێی سەرجەم سێدارەکان لە ئێران و، ئازادکردنی بێمەرجی هەموو چالاکانی سنفی و سیاسی زیندانیکراو و هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری سزای لەسێدارەدان بووە

سەرەڕای ئەوەش و لەژێر کاریگەری فراوانبوونی بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە"، ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ، زیاتر لە ٣٢ وڵاتی ئەندام و نائەندامی یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەم یەکێتییە، بۆ یەکەمین جار بە واژۆکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، لەسێدارەدانی ناڕازییان و کەڵک وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سزای سێدارە بە مەبەستی سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسییان مەحکووم کرد و لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان داوا کرد کە لەبری لەسێدارەدانی خەڵک، وەڵامی خواست و داواکارییەکانیان بدەنەوە. ئەم وڵاتانە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی جێبەجێکردن و دەرکردنی سزای لەسێدارەدان و ئازادکردنی زیندانییە ناڕازییەکان بوون. ئەم بەیاننامە هاوبەشە لە ڕاستیدا ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی دەدات کە لەسێدارەدانەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا پرسێکی ناوخۆیی نییە و باج و لێکەوتەی قورسی بۆ ڕژیم بەدواوە دەبێت

بێگومان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە لەپێش چاوی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی بانگەشەکەری "دیموکراسی و مافی مرۆڤ"، بە سەرکوت، لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژی وەڵامی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەم دەوڵەتانە درێژەیان بە سەودا و مامەڵە و سازشکاری لەگەڵ ئەم ڕژیمە جینایەتکارە داوە و، تەنانەت لە هەندێک کاتدا بۆ ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان لە دەرەوەی وڵات و دەربازکردنی تیرۆریستەکانیشی، هاوکاری ڕژیمیان کردووە. دەوڵەتانی ئەورووپایی لە بەرامبەر سەدان کردەوەی تیرۆریستی حکومەتی ئیسلامی کە هەندێکیان تەنانەت لە دادگاکانی وڵاتەکانی خۆشیاندا سەلمێنراون، هیچ هەنگاوێکی جدییان بۆ خستنەژێر گوشاری ئەم ڕژیمە هەڵنەگرتووە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خەبات دژی لەسێدارەدان و مەحکوومکردنی ئەم تاوانە لە ناوخۆدا، چ لەلایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناڕەزایەتییە ڕۆژانەکانیاندا، و چ لە زیندانەکاندا لە ڕێگەی پەرەسەندنی کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" کە لە ئێستادا لە ٦٠ زیندانی سەرانسەری وڵاتدا بەڕێوە دەچێت، هەروا بەردەوامە. لەم پەیوەندەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی گەلاوێژ، زیندانیانی زیندانی گەچساران بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وێڕای پەیوەستبوونیان بەم کەمپینەوە، ڕایانگەیاند کە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی گەلاوێژەوە وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە شەپۆلی لەسێدارەدانەکان، مانگرتن لە خواردن دەست پێدەکەن. بەم حاڵەشەوە، لەبەر ئەوەی ڕژیمی داماو و مایەپووچی کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی بە خواست و داواکارییەکانی جەماوەری لە نێو کۆمەڵگادا نییە و سەرکوت و لەسێدارەدان وەک بەشێک لە میکانیزمی بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی بەکار دەهێنێت، بێگومان درێژە بەم جینایەتانە دەدات. بەڵام نابێت ڕێگە بدرێت گیانی زیندانییان، ببێتە قوربانی ستراتیژی مانەوەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و جینایەتکارە

***




# ئەفغانستان، پێنج ساڵ پاش گەڕانەوەی تاڵەبان بۆ دەسەڵات

پێنج ساڵ بەسەر گەڕانەوەی تاڵەبان بۆ دەسەڵاتدا تێپەڕ دەبێت؛ ڕووداوێک کە داڕمانی ئەو پرۆژەیە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ماوەی دوو دەیەدا بە داگیرکاری سەربازی، ئەندازیاری سیاسی و تەرخانکردنی سەرچاوەیەکی دارایی زەبەلاح لە ئەفغانستاندا بردیانە پێشەوە. ڕووخانی کابول نیشانی دا کە دروشمەکانی «بنیاتنانی دەوڵەت»، «بنیاتنانی دیموکراسی»، «بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ» و «خەبات دژی تیرۆریزم» لە چوارچێوەی سیاسەتی زلهێزە ئیمپریالیستییەکاندا، ناتوانێت لە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیک و میلیتاریستییەکانیان تێپەڕێت. ئەوەی لە هاوینی ٢٠٢١دا داڕما، دەسەڵاتێکی پشتئەستوور بە بناغەیەکی کۆمەڵایەتی پتەو نەبوو؛ بەڵکوو پێکهاتەیەک بوو کە مانەوەی گرێ درابوو بە ئامادەیی سەربازی دەرەکی، هاوکارییە داراییەکان و تۆڕێک لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییە وابەستە و پاشکۆکانەوە. بەڵام شکستی ئەمریکا بە واتای سەرکەوتنی خەڵکی ئەفغانستان نەبوو. ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزە دەرەکییەکان دروست بوو، لەلایەن هێزێکی هەڵقوڵاوی نێو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی جەماوەرییەوە پڕ نەکرایەوە. تاڵەبان جارێکی تر دەسەڵاتی گرتە دەست؛ هێزێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە نێو بناژۆخوازیی ئیسلامی سیاسیدایە و بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی پشت بە سەرکوتگەری سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و پەیوەندی کۆنەپەرستانە و باوک/پیاوسالاری دەبەستێت. لەم ڕوانگەیەوە، خەڵکی ئەفغانستان دوای دوو دەیە لە داگیرکاری و شەڕ، نەگەیشتنە هیچ بژاردەیەکی ڕزگاریخوازانە. نەزمێکی وابەستە و گەندەڵ جێگەی خۆی دا بە دەسەڵاتێکی سەرمایەداری ئایینی کۆنەپەرست و سەرکوتگەر، بێ ئەوەی بچووکترین درزێک بخاتە نێو ئەو پەیوەندییانەی کە هەژاری، هەڵاواردن، نایەکسانی و بێمافی زۆرینەی کۆمەڵگا دووبارە بەرهەم دەهێننەوە

دەستتێوەردانی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان ناتوانرێت بە دابڕاوی لە پێگەی ئەو وڵاتە لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا لێک بدرێتەوە. دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەفغانستان بوو بە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی نمایشکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا. ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاڵەبان، پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ و جێگیرکردنی هێزەکانی ناتۆ، لەژێر پەردەی خەبات دژی تیرۆریزمی قاعیدە، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی بەرفراوانتردا بۆ چەسپاندنی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە و پاراستنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر ڕکابەرە جیهانی و ناوچەییەکانیدا گیرایە بەر. ئەمریکا کە هێزە ئابوورییەکەی بەرەو داکشان دەچوو، دەیویست بە لەشکرکێشی و پەلاماری سەربازی بۆ سەر ئەفغانستان و دواتر عێراق و بە زەبری هێزی سەربازی، هێژمۆنی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت. لە هەمان کاتیشدا ئەفغانستان هاوسنوورە لەگەڵ چین، ڕووسیا، ئێران و ئاسیای ناوەڕاست، و هەر ئەم پێگەیەش گرنگییە

جیۆپۆلەتیکییەکەی بۆ زلهێزەکان زیاتر دەکرد. لە پرۆسەی داگیرکردنی ئەفغانستاندا سەدان ملیار دۆلار ڕژایە نێو ئابووری ئەفغانستانەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ئەم سەرچاوانە لە خزمەتی بەپێوە هێشتنەوەی پێکهاتەیەکی حکوومی گەندەڵ و دەوڵەمەندکردنی کاربەدەستە گەندەڵەکانی حکوومەت و تۆڕی بەڵێندەرە بیانییەکاندا بەکار هێنرا

ئەرتەشی ئەفغانستانیش نموونەی ڕوونی هەر ئەم ناتەباییە بوو. هێزێکی گەورە کە بە تێچوویەکی خەیاڵی ئەمریکا و ناتۆ پڕچەک کرابوو و مەشقی پێکرابوو، لەو ساتەی کە پشتیوانییە دەرەکییەکان کشانەوە، لە زۆربەی ناوچەکاندا بێ هیچ بەرگرییەکی جیددی داڕما. بەڵام تاڵەبان ئەم داڕمانەی وەک سەلماندنی ڕەواییبوونی خۆی قۆستەوە. ئەوان خۆیان وەک هێزێک ناساند کە ئەفغانستانی لە گەندەڵی، داگیرکاری و نائەمنی ڕزگار کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێنج ساڵ دەسەڵاتداریی تاڵەبان نیشانی داوە کە کۆتاییهاتنی حزووری نیزامی ئەمریکا بە واتای کۆتاییهاتنی ئەو پەیوەندییانە نییە کە ژیانی زۆرینەی خەڵکی بەرەو تیاچوون و وێرانی بردووە. تاڵەبان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هیچ ڕێگەیەکی جگە لە سەپاندنی سیستەمێکی ملهوڕانەی ئایینی، سەرکوتی توندی ئازادییە سیاسییەکان و کۆنترۆڵی بەرفراوانی سەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەخستووەتە ڕوو

بێبەشکردنی ژنان و کچان لە پەروەردە و کارکردن و سڕینەوەیان لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە ڕوونترین نموونەکانی ئەم سیاسەتە. سڕینەوەی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بەشێکە لەو میکانیزمەی کە گوێڕایەڵی و پلەبەندی باوک/پیاوسالارانە جێگیر و قایم دەکات. هەمان لۆژیک لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەیارانی سیاسی، سەرکوتکردن و بەرتەسککردنەوەی میدیاکان، سەرکوتی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و گوشار خستنە سەر گرووپە نەتەوەیی و ئایینییەکانیشدا دەبینرێت. دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست کە نیوەی دانیشتووان لە مافی خوێندن، کار و بەشداری کۆمەڵایەتی بێبەش دەکات، ناتوانێت تەنیا بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی حزووری سەربازی ڕۆژئاواوە، خۆی وەک نوێنەری سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی پێناسە بکات

دەسەڵاتی تاڵەبان بە سەپاندنی سیستەمی هەڵاواردنی ڕەگەزی و لە ڕووی بەهرەمەندنەبوون لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانەوە، کۆمەڵگای ئەفغانستانی چەندین هەنگاو بەرەو دواوە بردووە. بۆ ئەو کچ و ژنانەی کە لە چوونە قوتابخانە و زانکۆ و کارکردن لە دەرەوەی ژینگەی خێزان بێبەش کراون، وە بۆ ئەو گەنجانەی کە دەستیان بە میدیا، هونەر و پەیوەندییە بەرفراوانەکان لەگەڵ جیهاندا ڕاناگات، گەڕانەوەی تاڵەبان تەنیا دەستاودەستکردنێکی دەسەڵات لە سەرەوە نەبوو، بەڵکوو پاشەکشەیەکی هەستپێکراوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا

لە وەها هەلومەرجێکدا تەنیا بە هێزی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سیاسەتی دژەژن و بەرامبەر بەو هەڵاواردن و بێمافییەی بەسەر ژنانی ئەفغانستاندا سەپێنراوە، تەنیا بە هێزی ناڕەزایەتی دژی بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە زۆرینەی کۆمەڵگای خستووەتە ژێر گوشارەوە و هەروەها بە هێزی ناڕەزایەتی و خەبات دژی هەژاری و نەهامەتیی ئابووری کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانی ئەم کۆمەڵگایەی خستووەتە مەنگەنەوە، دەتوانرێت هیوای گۆڕانکاری لەم کۆمەڵگایەدا بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان، جووتیارانی بێبەش، هەژارانی شار و ئەو گرووپانەی کەوتوونەتە ژێر گوشاری هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینییەوە، هەر کامیان بەشێک لە پوتانسێل و توانای وەها هێزێکیان لەبەردەستدایە. بۆ وەگەڕخستن و هاتنەمەیدانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانە، پێویستە تووڕەیی و ناڕەزایەتی دژی ئەم هەموو نەهامەتی و بێبەشییانە بگۆڕدرێت بۆ کردەوەیەکی ناڕەزاییانە، وە هەر لە دڵی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییانەدایە کە ئیرادەی هاوبەش بۆ خۆڕێکخستن و ڕێکخراوبوون، بە ئاسۆی ڕوونەوە گرێ دەخوات. پێویستە ڕووبارەکانی ناڕەزایەتی و خەبات یەکبگرن و تێکەڵ بە یەک بن. ئەو ژنانەی لە بەرامبەر بێبەشبوون لە خوێندن، بێبەشبوون لە مافی کارکردن و لە بەرامبەر سیاسەتی دژەژندا خۆڕاگری دەکەن، یەکێک لە گرنگترین کەلێنەکانی نێو نەزمی تاڵەبان ئاشکرا دەکەن. بەڵام پێویستە ئەم خۆڕاگری و خەباتە گرێ بخوات بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە دژی هەژاری و بێکاری، بە خەبات دژی هەڵاواردن و نایەکسانی و دژی سەرکوتکردنی ئازادییە سیاسییەکان

❋❋❋




## توندبوونەوەی فشارە ئابوورییەکان بۆ سەر ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش

لە بەهاری ١٤٠٥ەوە و لەژێر سێبەری هەلومەرجی جەنگیدا، فشارە ئابوورییەکان بۆ سەر ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران توندتر بوونەتەوە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، داڕمانی بەشداریی ئابووری، پەرەسەندنی کاری نافەرمی و گواستنەوەی ڕوو لە زیادبوونی تێچووەکانی ژیان و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار بۆ سەر شانی ژنان، هەموویان پێکهاتەی یەک پرۆسەن. ئەوەی لە ئامارە فەرمییەکاندا لەژێر ناوی ڕێژەی بێکاری و «ناچالاکبوونی ئابووری»دا دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا بەشێکە لە پرۆسەی سڕینەوە و وەدەرنانی ژنان لە بازاڕی کار و چڕکردنەوەی چەوساندنەوەیان لە بازاڕی فەرمی و نافەرمیدا؛ پرۆسەیەک کە ڕەگ و ڕیشەی لەنێو ئەو پەیوەندییە چینایەتی و ڕەگەزییانەدایە کە لە سەرمایەداریی ئیسلامیدا زاڵن. قەیرانی کارکردنی ژنان لە ئێراندا، پرۆسەیەکی پێکهاتەییە کە ژنان لە بازاڕی کاری فەرمی وەلا دەنێت، بەهای ئابووریی کارەکەیان دادەبەزێنێت و بەشێکی گەورەی تێچووی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار دەگوازێتەوە بۆ نێو ماڵ و ژینگەی خێزان. ئامارە حکومییەکانی بەهاری ١٤٠٥، کە تەنیا گۆشەیەکی بچووکی ڕاستییەکانی پەیوەست بە پێگەی ژنان لە بازاڕی کاردا دەردەخەن، ڕەهەندەکانی چڕبوونەوەی ئەم دۆخە نیشان دەدەن. بەپێی ئەم ئامارانە، ڕێژەی بێکاری ژنان گەیشتووەتە ١٦.٧٪، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان ٧.٥٪ـە؛ واتە بێکاری ژنان زیاتر لە دوو هێندەی پیاوانە. لەم پێکهاتەیەدا، ژنان هاوکات لە دوو پێگەی ژێردەستەییدان. لە لایەکەوە وەک هێزێکی کاری هەرزان، کاتی و بێبەش لە ئاسایشی کار، و لە لایەکی دیکەشەوە وەک هێزێک کە بەشی هەرەزۆری بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی بەبێ بەرامبەر لە نێو ماڵدا ئەنجام دەدات. ڕێژەی بێکاری ژنان لە بەهاری ١٤٠٥دا بەراورد بە بەهاری ساڵی ڕابردوو، ٣ پلە زیادی کردووە و لە ١٣.٧٪ـەوە بۆ ١٦.٧٪ هەڵکشاوە. لە هەمان ماوەدا، ڕێژەی بێکاری پیاوان لە ٦٪ـەوە بۆ ٧.٥٪ بەرز بووەتەوە. کەواتە، نەک تەنیا بێکاریی ژنان گەشەی زیاتری کردووە، بەڵکوو کەلێنی نێوان دۆخی ژنان و پیاوان لە بازاڕی کاردا فراوانتر بووە

بێگومان ئەم ئامار و ژمارانە وێنەیەکی تەواو و دروست لە دۆخی هەنووکەیی ناخەنە ڕوو. ڕێژەی بێکاری لەسەر بنەمای دانیشتووانی چالاکی ئابووری هەژمار دەکرێت؛ واتە ئەوانەی کە کار دەکەن یان بە شێوەی فەرمی بەدوای کاردا دەگەڕێن. بەپێی پێوەرە باوەکان، ئەو ژنانەی لە هەفتەیەکدا تەنیا چەند کاتژمێرێک کار دەکەن، ناچنە خانەی ئاماری بێکارانەوە. ئەو ژنەی پاش گەڕانێکی زۆر و بێئاکام، و ئەزموونکردنی هەڵاواردن، دەرکردن یان حەقدەستی زۆر کەم، دەستبەرداری گەڕان بەدوای کاردا دەبێت، ئیتر لە ئاماری بێکاراندا جێگەی نابێتەوە. ئەو دەگوازرێتەوە بۆ ڕیزی دانیشتووانی ناچالاکی ئابووری؛ دانیشتووانێک کە بەشێکی گەورەیان ژنان پێکدەهێنن

لەم ڕوانگەیەوە، دەبێت ڕێژەی ١٦.٧٪ وەک ئەو بەشە لە بێکاریی ژنان کە لەبەرچاوە سەیر بکرێت، نەک لوتکەکەی. بەشێک لە هێزی کاری ژنان، پێش ئەوەی لە ئاماری بێکاراندا تۆمار بکرێت، لە بنەڕەتدا لە بازاڕی کاری فەرمی چووەتە دەرەوە

بەپێی ئەو داتایانەی خراونەتە ڕوو، لە کۆی ٣٩ ملیۆن کەس لە دانیشتووانی ناچالاکی وڵات، ٢٩ ملیۆن کەسیان - واتە ٧٥٪یان - ژنن. بەرپرسیارێتییە خێزانییەکان، نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی چاودێری، هەڵاواردن لە دامەزراندن و خراپی هەلومەرجی کار، هەموویان ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی ئەم دۆخەدا. کاری نێوماڵ لە ئامارە ئابوورییە فەرمییەکاندا هیچ پێگەیەکی بەرهەمهێنەرانەی نییە، بەڵام بەبێ ئەوەش بەشێکی گرنگی چالاکی ئابووریی کۆمەڵگا ناتوانێت بەردەوام بێت. چێشتلێنان، پاکوخاوێنی، چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووان، و دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی خێزان، بەشێک لە هێزی کار ڕۆژانە بەرهەم دەهێنێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کارە زۆرجار بەبێ حەقدەست و لە دەرەوەی حیساباتە ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێت. ناکۆکییەکە ڕوونە؛ سەرمایە لە ئەنجامەکانی ئەم کارە قازانج دەکات، بەڵام باج و تێچووەکەی دەخاتە سەر شانی خێزان و بەتایبەتیش ژنان. بۆ ئەو ژنانەش کە پێ دەنێنە نێو بازاڕی کارەوە، ئاسایش و سەربەخۆیی ئابووری دەستەبەر نەکراوە. بەشێکی بەرچاویان بەرەو کارە کاتی، بچووک و نافەرمییەکان پاڵیان پێوە دەنرێت؛ کارگەلێک کە تێیاندا گرێبەست، بیمە و پاراستنی یاسایی کاریگەر یان بوونیان نییە یان لە پراکتیکدا جێبەجێ ناکرێن. زیاتر لە ٥٠٪ی ئیشوکاری ژنان لە خزمەتگوزارییە بچووکەکان و لە کارگەکانی کەمتر لە دە کەس و پێنج کەس دایە، و لەو چالاکییانەشدا ئەنجام دەدرێت کە لە چوارچێوەی هەمان یاسای کاری دژەکرێکاری ڕژێمی ئیسلامیش دەرچوون و بێبەشن لە بیمە و گرێبەست. لە بارودۆخێکی وەهادا، خاوەنکار دەتوانێت لە پێدانی حەقدەستەکان لە کاتی خۆیدا و پێدانی بیمە و دەرماڵەی کار خۆی بدزێتەوە و بەرپرسیارێتی ڕووداوەکان، نەخۆشی و بێکاری بخاتە سەر شانی کرێکار. ژنی لەسەرکاریش لە بەرامبەر هەڵاوسان، دەرکردن و ناسەقامگیریی داهاتدا تا ڕادەیەکی زۆر هیچ پشتوپەنایەکی نییە. نموونەی ڕوونی ئەمە، ژنە کرێکارە وەرزییەکانی نێو کێڵگەکانن کە بە حەقدەستی ڕۆژانەی کەمتر لە ٨٠٠ هەزار تمەن کار دەکەن. ئەم حەقدەستە، بەبێ هەبوونی سەقامگیری پیشەیی، بیمە، سەلامەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، بە تەنیا نیشانەی باشبوونی باری ئابووری نییە. کارکردن لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا دەتوانێت فۆرمێکی دیکە بێت لە نائەمنی و چەوساندنەوە؛ چونکە ژنی کرێکار سەرباری فرۆشتنی هێزی کاری خۆی، دەبێت باجی سووانەوەی جەستە، هەڵاواردنی حەقدەست و بەرپرسیارێتییە خێزانییەکانیش هەڵبگرێت

ئابووریی نافەرمی ئەم دەرفەتە بۆ خاوەنکار دەڕەخسێنێت کە هێزی کار بەگوێرەی پێداویستیی خۆی بەکار بهێنێت و لە کاتی کەمبوونەوەی قازانجدا وەلای بنێت. ژنان، بەهۆی پێگە لاوازترەکەیان لە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بەشێکی گرنگی ئەم هێزی کارە نەرم و کەمتێچووە پێکدەهێنن. جیاوازیی پێوەری نەهامەتیی ژنان و پیاوان، کە ٥٨.٩ــە لە بەرامبەر ٥٠.٨، لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی لە کەمبوونەوەی بەکاربردن، کەڵەکەبوونی قەرز، سەختربوونی دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی و پەروەردە، و قورستربوونی کاری چاودێریدا دەبینێتەوە. لە قۆناغەکانی هەڵاوساندا، فشاری ئابووری لەنێو خێزانیشدا بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نابێت. زۆرجار ژنان یەکەم کەسن کە لە پێداویستییە کەسییەکانی خۆیان دەبڕن، چارەسەر یان خوێندن دوادەخەن و بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمبوونەوەی داهاتی خێزان، کاری نێوماڵی زیاتر ئەنجام دەدەن یان پەنا دەبەنە بەر کارە کەمحەقدەست و ناسەقامگیرەکان

ئەم دۆخە دەرەنجامی کۆمەڵێک پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە باج و تێچووی قەیرانەکە دەگوازێتەوە بۆ ئەو بەشانەی کۆمەڵگا کە هێزی مامەڵەکردن و دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەکان کەمترە. دۆخی ژنان لە بازاڕی کاردا دەکرێت لە سێ ئەڵقەی پەیوەست بەیەکدا کورت بکرێتەوە؛ سڕینەوەی ئاماری، پەراوێزخستنی ئابووری و چڕبوونەوەی چەوساندنەوە لە ئابووریی نافەرمیدا

لە قۆناغی یەکەمدا، ژنانێکی زۆر لە بنەڕەتدا ناچنە ڕیزی هێزی کاری چالاکەوە و ئەمەش ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی بێکاری پەردەپۆش دەکات. لە قۆناغی دووەمدا، دەستڕاگەیشتنیان بە کاری فەرمی، داهاتی سەربەخۆ و دابینکردنی کۆمەڵایەتی (تەئمینی ئیجتماعی) سنووردار دەبێت. پاشان ئابووریی نافەرمی، لەم هێزی کارە وەدەرنراوە، هێزێکی هەرزان، کاتی و بێدەرەتان دروست دەکات. لەبەر ئەم هۆکارە، بەرگریکردن لە کارکردنی ژنان ناتوانێت تەنیا لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری ئابووریدا کورت بێتەوە. مەسەلەکە لەسەر جۆری کارکردن، بڕی حەقدەست، ئاسایشی کار و دەستڕاگەیشتن بە دابینکردنی کۆمەڵایەتییشە. کار و دامەزراندنی فەرمی و پایەدار، حەقدەستی یەکسان، بیمەی گشتگیر، مافی خۆڕێکخستن، دایەنگەی گشتی، مۆڵەتە پاڵپشتییەکان و بەکۆمەڵایەتیکردنی کاری نێوماڵ، داواکاریگەلێک نین کە لە خەباتی چینایەتی جیابن؛ بەڵکوو بەشێکن لە خودی ئەو خەباتە

ڕزگاری ئابووری ژنان بە ئامۆژگارییەکانی وەک فێربوونی کارامەیی، کارسازی تاکەکەسی یان خۆگونجاندن لەگەڵ بازاڕدا وەدی نایەت. تا ئەو کاتەی قازانج و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پێش پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، باجی قەیرانەکان بەرەو ژێردەستەترین بەشەکانی کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە. ژنانی کرێکار لە ڕیزی یەکەمی ئەو گرووپانەدان کە ئەم باجە دەدەن. وەڵامی ئەم دۆخە، خۆڕێکخستنی سەربەخۆ لە دەوڵەتە بۆ ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، و گرێدانی خەباتی ئەوانە بە خەباتی بەشەکانی دیکەی چینی کرێکارەوە لە دژی هەژاری، چەوساندنەوە و ئەو پەیوەندییانەی کە هێزی کاریان کردووەتە کاڵایەکی هەرزان و ژیانی کۆمەڵایەتییان خستووەتە ژێر ڕکێفی قازانجی تایبەتەوە

***



## کۆماری ئیسلامی، یاریکردن بە سەبری کۆمەڵانی خەڵک

بەرەبەیانی پێنجشەممە ٢٢ی گەلاوێژی ١٤٠٥، جێگری هەماهەنگیی کاروباری ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای کرمان، هەواڵی دابەشکردنی بەنزینی بە نرخی تێچووی پاڵاوگە، واتە هەر لیترێک بە ٨٧ هەزار و ٢٠٠ تمەن لە ٢٠٤ بەنزینخانەی ئەو پارێزگایەدا ڕاگەیاند. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لێدوانەکانی ڕەزا سپەهوەند، وتەبێژی کۆمیسیۆنی وزەی مەجلیسەوە دەست کەوتوون، بڕیار وابووە بۆ هەر کارتێکی سووتەمەنی، سەرجەم ١٥٠ لیتر بەنزین بە سێ نرخی جیاواز بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان بکرێت: ٦٠ لیتر بە نرخی ١٥٠٠ تمەن، ٥٠ لیتر بە ٣٠٠٠ تمەن، و ٤٠ لیتر بە نرخی ٥٠٠٠ تمەن. بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە، بە گشتی ١٥٠ لیتر لە کارتەکاندا دەبێت و ئەگەر بەکاربەرێک لەو بڕە زیاتر سەرف بکات، دەبێت نرخی ئازادی بەنزین، واتە ٨٧ هەزار تمەن بدات

بەنزینی ٨٧ هەزار تمەنی، لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەکی نوێی دەوڵەت بوو لە کرمان. بڕیار بوو ئەم گەڵاڵەیە بە شێوەی تاقیکاری جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی دەربکەوێت چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕای گشتی و تووڕەیی و ناڕەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت. ڕژێمی ئیسلامی پێشتر لە خەزەڵوەری ١٣٩٨دا، ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییەی کە دوای ڕاگەیاندنی گرانبوونی نرخی بەنزین لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران سەری هەڵدابوو، خەڵتانی خوێن کرد و ١٥٠٠ مرۆڤی ناڕازی کۆمەڵکوژ کرد. ڕژێمی ئیسلامی کە لە هەر لایەکەوە بەرەورووی قەیران بووەتەوە و خۆشی وەک یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی قەیران لە ناوچەکەدا، بە شەڕانگێزی و ئاژاوەگێڕی درێژە بە تەمەنی نگریسی خۆی دەدات، بە جێبەجێکردنی تاقیکارییانەی ئەم گەڵاڵەیە، لە ڕاستیدا پێوانەی سەبر و ئارامی جەماوەری کرد. تاقیکردنەوەیەک کە زۆر خێرا و پێش جێبەجێکردنی گەڵاڵەکە ڕاگیرا. هێشتا چەند کاتژمێرێک بەسەر ڕاگەیاندنی دابەشکردنی بەنزینی ٨٧ هەزار تمەنیدا تێنەپەڕیبوو کە محەممەدعەلی تالبی، پارێزگاری کرمان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕایگەیاند: گەڵاڵەی دابەشکردنی بەنزین بە نرخی پاڵاوگە لە پارێزگاکەدا جێبەجێ نەکراوە و تا کاتێکی نادیار هیچ گۆڕانکارییەک لە نرخی بەنزیندا پێک نایەت. ئەمە پاشەکشەیەکی ئاشکرا و شەوانە بوو کە کۆماری ئیسلامی ناچار بوو پێش ڕۆژبوونەوە، لە زاری بەرزترین بەرپرسی ئەمنی ئەو پارێزگایەی بۆ تاقیکردنەوەکە هەڵبژاردبوو، ڕایبگەیەنێت

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بەم مانۆڕانە، پێی ناوەتە نێو یارییەکی مەترسیدارەوە و دەیەوێت ئارامی و سەبری جەماوەر تاقی بکاتەوە. سەرمایەدارانی دەسەڵاتدار لە ئێران، کە لە ماوەی زیاتر لە ٤٧ ساڵ حوکمڕانی و تاڵانکردنی سامانی ئەم کۆمەڵگەیەدا، ژیانێکی شاهانە و خەیاڵییان بۆ خۆیان پێک هێناوە، ئەمڕۆ بەردەوامی دەسەڵاتی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە زیاتر قورگی جەماوەر بگوشن و نانی سەر سفرەی زەحمەتکێشان بدزن، تاوەکوو کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت قەرەبوو بکەنەوە. بەڵام باش دەزانن کە سیاسەتی

چەوسێنەرانە باجی هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی دەیەی ڕابردوو، بێ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە هەنگاو نانێن

بێگومان گێڕانەوەی فەرمیی دەسەڵات و دەزگاکانی چەواشەکاری، بابەتەکە بە جۆرێکی دیکە نیشان دەدەن. گوایە ئەم گەڵاڵەیە بۆ پێشگرتن لە قاچاخی سووتەمەنی و ڕاستکردنەوەی شێوازی بەکاربردنی خەڵک داڕێژراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە گەورەترین قاچاخچی وڵاتی ئێران، سوپای پاسدارانە و هەر جۆرە قاچاخێکی گەورە و گەندەڵییەکی پرداهات، دەبێت بە فیلتەر و ڕێڕەوی سوپای پاسداراندا تێپەڕێت. سوپا تەنیا بە باجسەندن لە خەڵکی ئێران قایل نابێت و لە بەرنامەیدایە لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە، وڵاتانی ناوچەکەش ناچار بە باجدان بکات

گوایە بەرزبوونەوەی نرخ دەتوانێت هەڵسوکەوتی بەکاربەر بگۆڕێت. بەڵام دەبێت بپرسین: ئەگەر بەنزین گرانتر بێت، ئایا شۆفێر دەتوانێت کەمتر شۆفێری بکات؟ شێوازی هاتوچۆکەی بگۆڕێت؟ ئۆتۆمبێلێکی کەممەسرەفتر بکڕێت؟ ئایا هیچ ڕێگەیەکی جێگرەوە بەبێ پێویستی بە بەکارهێنانی سووتەمەنی، بۆ گواستنەوەی کاڵا و پێداویستییەکانی خەڵک بۆ هەموو شار و گوندەکان بوونی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەخێرە؛ کەواتە بەشێکی گەورەی ئەم گرانبوونە، لەبری گۆڕینی هەڵسوکەوت، ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر خەرجی و بودجەی خێزانەکان و باری سەر شانیان قورستر دەکات. خەڵکی ئێران لە ڕاستیدا چ هەڵبژاردەیەکیان لە بەردەمدایە؟ هەموو بەکارهێنانێکی بەنزین ئارەزوومەندانە نییە. چوون بۆ سەرکار، گەیاندنی منداڵ بۆ قوتابخانە، سەفەرە زەرووری و پزیشکییەکان و هاتوچۆی گشتی، نە سنووردار دەکرێن و نە دەسڕدرێنەوە. هەر بۆیە، تاقیکردنەوەی ئەم گەڵاڵەیە، نە بە ئامانجی بڕینی کەناڵە سەرەکییەکانی قاچاخە کە لە دەستی سوپای پاسداراندایە، و نە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی بەنزینە کە لە ئێستاشدا زۆر سنووردار و کۆنترۆڵکراوە؛ بەڵکوو ئامانجی سەرەکی، قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی ئەم قەیرانە ئابوورییەیە کە یەخەی پێ گرتوون

بەڵام یاریکردن بە سەبری کۆمەڵانی خەڵک، یارییەکی مەترسیدارە. کۆماری ئیسلامی ناتوانێت درێژە بەم یارییە بدات و ناتوانێت بۆ هەمیشە کۆنترۆڵی ئەم بارودۆخە نالەبارە لە دەستدا بهێڵێتەوە. جەماوەر ناتوانن بینەری مەرگی بەشێنەیی خۆیان بن و لە بەرانبەر ئەم ڕەوتە حاشاهەڵنەگرەی وێرانکاری و لەناوچوونی کۆمەڵایەتیدا، سەرهەڵدەدەن و ڕادەپەڕن. شووشەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، لە نێو دەستە بەهێزەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدایە. بەڵام بۆ تێکشکاندنی شووشەی تەمەنی ئەم دێوەزمەیە، دەبێت تووڕەیی جەماوەر لە ڕاپەڕینە خۆڕسکەکانەوە، بۆ ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیی ڕاپەڕینەکان بەرز بکرێتەوە. ئەم ئەرکە گرنگەش لە گرەوی ئەوەدایە کە شەپۆلێکی بەرین لە پێشڕەوانی سۆسیالیست، پێوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەگەڵ جەماوەری ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشاندا هەبێت و ڕابەرایەتیی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بکەن

***

# بەنزینی ٨٧ هەزار تمەنی؛ گەڵاڵەیەک بۆ جێبەجێکردن یان هەوڵێک بۆ پێوانەکردنی ئاستی تاقەتی جەماوەر؟

لەسەر بنەمای گەڵاڵەیەک کە بڕیار بوو بە شێوەی تاقیکاری لە ٢٠٤ بەنزینخانەی پارێزگای "کرمان" جێبەجێ بکرێت، لە کارتەکانی سووتەمەنیدا سەرجەم ١٥٠ لیتر بەشەبەنزین بە سێ نرخ دیاری کرابوو: ٦٠ لیتر بە نرخی هەزار و ٥٠٠ تمەن، ٥٠ لیتر بە سێ هەزار تمەن و ٤٠ لیتر بە پێنج هەزار تمەن، وە بۆ بەکاربردنی زیاتر لەم بڕەش، بەنزین بە نرخی تێچووی پاڵاوگە، واتە ٨٧ هەزار و ٢٠٠ تمەن بەردەست بوو. بەنزینی ٨٧ هەزار و ٢٠٠ تمەنی لە کرمان، لە بەراورد لەگەڵ نرخی پێنج هەزار تمەنی ئێستادا، بەرزبوونەوەیەکی زیاتر لە ١٧ هێندەیی لە نرخەکاندا نیشان دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەک هەر هیچ باسێک لە هەڵکشانی حەقدەستەکان نییە، بگرە هیچ جۆرە زیادبوونێکیشیان بەخۆوە نەدیوە. پاساوهێنەرانی ئازادکردنی نرخی سووتەمەنی، بەردەوام باس لە زەروورەتی نزیکبوونەوەی نرخی بەنزین لە نرخە جیهانییەکان دەکەن؛ بەڵام ناتەباییەکی بنەڕەتی لەم پاساوهێنانەوەیەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کاڵا بە پێوەری جیهانی و بە دۆلار نرخی بۆ دادەنرێت، بەڵام هێزی کار هێشتا بە حەقدەستی ڕیاڵی و لەسەر بنەمای نزمترین ئاستی نێوخۆیی دیاری دەکرێت. بەرزبوونەوەی لەناکاو و لەڕادەبەدەری نرخی بەنزین لە هەلومەرجێکدا کە حەقدەستەکان هێشتا چەندین هێندە لەژێر هێڵی هەژاریدان، هیچ نییە جگە لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی گوشاری ئابووری ڕژێم بۆ سەر بژێوی چینی کرێکار و زەحمەتکێش

بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین بەپێی نرخی تێچووی پاڵاوگە کە لە ڕاگەیاندنی سەرەتایی دەوڵەتدا تا ئاستی ٨٧ هەزار و ٢٠٠ تمەن لە کرمان دیاری کراوە، ناکرێت تەنیا وەکوو بڕیارێکی ناوچەیی سەبارەت بە نرخی سووتەمەنی سەیر بکرێت. ئەم سیاسەتە دەبێت لەنێو جەرگەی قەیرانی پێکهاتەیی ئابووری کۆماری ئیسلامی، هەڵاوسانی درێژخایەن، داڕمانی توانای کڕین و پەرەسەندنی هەژاریدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. قەیرانێک کە باجەکەی زیاتر لە جاران دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران و چەوساوەکانی کۆمەڵگە. لە سیستەمێکدا کە داهاتی زۆرینەی حەقدەستبگیران سێ هێندە لە تێچووی سەبەتەی بژێوی خوارترە، "ڕاستەقینەکردنی نرخی سووتەمەنی" بەبێ ڕاستەقینەکردنی حەقدەستەکان، لە کرداردا هیچ نییە جگە لە ڕاستەقینەکردنی هەژاری

لە ئێران و لە هەموو جێگەیەکی جیهاندا، تێچووی گواستنەوە، بەرهەمهێنان لە هەندێک لە کەرتە پیشەسازییەکاندا، هاتووچۆ بۆ شوێنی کار، دەستڕاگەیشتن بە قوتابخانە و زانکۆ، کڕینی پێداویستییە ڕۆژانەکان و هتد، هەموویان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە نرخی سووتەمەنییەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، تێچووی "دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار"یش بەرز دەکاتەوە. هەر جۆرە بەرزبوونەوەیەک لە تێچووی ژیاندا بەبێ گەشەی هاوتەریبی حەقدەستی ڕاستەقینە، گوشاری زیاتر دەخاتە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە کەمدەرامەت و هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگە. جێبەجێکردنی تاقیکاری نرخی ٨٧ هەزار و ٢٠٠ تمەنی لە کرمان و چالاکبوونی ژێرخانەکەی لە دەیان بەنزینخانەدا، گرنگی سیاسی ئەم ڕەوتە زیاتر دەکات. دەبێت جیاوازی بخرێتە نێوان "چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو" و "ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاوی شۆک". کۆماری ئیسلامی ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە ئاکامی بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی سووتەمەنیدا هەیە. ئەم بابەتە دەتوانێت دیسانەوە ببێتە چەخماخەیەک بۆ هەڵگیرسانی ناڕەزایەتییە بەرفراوان و سەرتاسەرییەکانی کۆمەڵانی خەڵک دژ بە ڕژێم. لەبەر ئەوە، جێبەجێکردنی قۆناغ بە قۆناغ و جوگرافیایی ئەم فێڵەی ڕژێم، لەوانەیە ڕێگەیەک بێت بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی تێچووە سیاسییەکانی ئەم بڕیارە. بێگومان وەستان یان پاشەکشەی کاتی لە گەڵاڵەیەک بە تەنیا، نیشاندەری وازهێنان لە ئاراستە ئابوورییەکەی نییە. ڕەنگە کات، شێوازی جێبەجێکردن یان پانتایی ئەو سیاسەتە گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام ئامانجی بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی بۆ ئاستی نرخە جیهانییەکان وەک خۆی پێداگری لەسەر دەکرێتەوە

پرسی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینیش پەیوەستە بە پێکهاتەی دابەشکردنی سامان و دەسەڵات لە ئابووریی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم ئابوورییە کۆمەڵێک لە کەرتەکانی دەوڵەتی، نیمچەدەوڵەتی، تایبەت و پەیوەندییە ڕانتییەکان لەخۆ دەگرێت و ئەو داهاتەشی لە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنییەوە دەست دەکەوێت دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانی ئەو کەرتانەوە و باجەکەشی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا دەیدەن. بەرزبوونەوەی تێچووی سووتەمەنی دەتوانێت تێچووی گواستنەوەی گشتی و نێوشارەکان، بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵ، خزمەتگوزارییەکان، بەستەبەندی، عەمبارکردن و دابەشکردنی کاڵاش بەرز بکاتەوە. بەرهەمهێنەریش بۆ پاراستنی قازانجەکەی، بەشێک لە تێچووە نوێیەکان دەخاتە سەر نرخی بەرهەمەکەی. لە ئەنجامدا، شۆکی سووتەمەنی دەتوانێت لە کەرتێکی ئابوورییەوە بۆ کەرتەکانی دیکە تەشەنە بکات و لە کۆتاییدا باجەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەر شانی بەکاربەر

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کێشەی کرێکاران تەنیا تێچووی پڕکردنی باکی ئۆتۆمبێل نییە؛ بگرە دابینکردنی تێچووە قورسەکانی دیکەی وەک کرێی خانوو، خۆراک، چارەسەری پزیشکی، هاتووچۆ و پێداویستییە زەرووریەکانی دیکەی ژیانە کە ئەو حەقدەستە یەکجار کەمانە بەشی ناکەن. یەکێک لە پاساوە سەرەکییەکانی دەوڵەت بۆ بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین، بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتیی سووتەمەنییە، کە بێگومان لە ئاستە باڵا و گەورەکاندا لە لایەن "برادەرانی قاچاخچی"ـەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام گرانکردنی بەنزین بۆ بەکاربەری ناوخۆیی، بەبێ چاکسازی لە زەمینە پێکهاتەییەکاندا، ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات. فرەنرخیبوونی دراو، لاوازیی چاودێری، تۆڕە ناڕوونەکان و پەیوەندییە ڕانتییەکان دەتوانن

هەروا دەرفەتی بازرگانی و قازانجپەرستانە بۆ سەرمایەداران بڕەخسێنن. جیاوازیی نێوان نرخە جۆراوجۆرەکانی بەنزینیش، بۆ خۆی دەتوانێت زەمینە بۆ ڕانت و قۆستنەوە دروست بکات

بەڵام نابێت تێچووی ڕێگریکردن لە قاچاخی سووتەمەنی لە گیرفانی بەکاربەرەوە دابین بکرێت. لە هەلومەرجێکدا کە هیچ باسێک لە چاکسازیی پێکهاتەکانی دراو، شەفافییەتی دارایی، چاودێری بەسەر ڕەوتە ئابوورییەکان و بەرەنگاربوونەوەی تۆڕە گەورەکانی ڕانت نییە و گەندەڵی لە هەموو جومگەکانی ئەم سیستەمە حکومەتییەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، باجی بێتوانایی و پەیوەندییە ڕانتییەکان جارێکی تر بۆ سەر بژێوی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دەگوازرێتەوە. بە هەر حاڵ، باجی قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری هەمیشە دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران و خەڵکی چەوساوەی کۆمەڵگە

جێبەجێکردنی تاقیکاری گەڵاڵەی بەنزینی ٨٧ هەزار تمەنی لە کرمان نیشانی دەدات کە کرێکاران، زەحمەتکێشان و چەوساوەکانی ئێران نابێت لە ئاست بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی بەنزیندا غافڵگیر بن. خەبات دژی گرانی بەنزین، بەشێکە لە خەباتێکی بەرفراوانتر لەپێناو مافی ژیانێکی شایستەی مرۆڤانە و دەستڕاگەیشتنی گشتی بە وزە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان. دەستڕاگەیشتن بە وزە، گواستنەوە، نیشتەجێبوونی گونجاو، تەندروستی و چارەسەری، پەروەردە و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگە، دەبێت پێش ئەوەی ببنە مەیدانی قازانج و "کەڵەکەکردنی سەرمایە"، وەکوو مافە کۆمەڵایەتی و گشتییەکانی مرۆڤ بە فەرمی بناسرێن. هەر ئاستێک لە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و کاڵا پێویستەکانی دیکەی کرێکاران و خەڵکی هەژاری کۆمەڵگە، دەبێت لەگەڵ بەرزکردنەوەی حەقدەستەکان و بیمەی بێکاریدا هاوتەریب بێت، بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ دابینکردنی تێچووی ژیانێکی مرۆڤانە لە سەدەی بیستویەکەمدا

❊❊❊




# بنبەست لە درێژەدان بە شەڕ و بێدەرەتانی لە کۆتاییپێهێنانی

لە کاتێکدا ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی گەلاوێژ، کۆماری ئیسلامی و پاشایەتی عومان ڕایانگەیاند کە ڕێککەوتن لەسەر ڕێڕەوی هاتوچۆی کەشتییەکان لە گەرووی هورمز لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە و ئەمشەو یان سبەینێ دەقەکەی بڵاو دەکرێتەوە، تا ئێستا هیچ هەواڵێک لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێککەوتنە نییە. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە بڕیار بووە تا پاکسازی تەواوەتی گەرووی هورمز لە مین لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا ئەنجام بدرێت و ئەو کەشتییانەی دەچنە نێو گەرووی هورمزەوە لە ڕێڕەوی نزیکتر بە لێواراوەکانی ئێرانەوە تێپەڕ بن و ئەو کەشتییانەشی کە لە گەرووەکە دەچنە دەرەوە، ڕێڕەوی نزیک بە لێواراوەکانی عومان بگرنە بەر. ئێستا کە ٦ ڕۆژ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە، نەک هەر هیچ دەقێک بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵکوو کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی ڕایانگەیاندووە کە تەنانەت گەیشتن بە ڕێککەوتن لەم بارەیەشەوە بە مانای کرانەوەی گەرووی هورمز نابێت و کردنەوەی، گرێدراوی قبووڵکردنی سەرجەم مەرجەکانمانە لە لایەن ئەمریکاوە

لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی گەلاوێژ، عەباس عێراقچی ڕایگەیاند کە: "تا ئەو کاتەی ئەمریکا قەرەبووی پێشێلکارییەکانی لێکتێگەیشتننامەکە نەکاتەوە، ئیمکانی دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا بوونی نابێت". محەممەدباقر زولقەدریش لە پێگەی سکرتێری شۆرای باڵای ئەمنییەتی ڕژێم ڕۆژی شەممە ١٧ی گەلاوێژ، وتبووی: "تا ئەو کاتەی ئەمریکا ڕەفتاری خۆی چاک نەکات، گەرووی هورمز ناکرێتەوە و ئەم شۆرایە چ لە دانوستان و چ لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا لەم هەڵوێستەی پاشەکشە ناکات". زولقەدر پێش لەکارلادرانی لەو پۆستە، ٦ مەرجە نوێیەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز ڕاگەیاند کە بریتی بوون لە: ١- کۆتاییهێنان بە شەڕ و هەڕەشە و هێرشە نوێیەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان، فەلەستین، یەمەن و عێراق. ٢- کۆتاییهێنان بە گەمارۆی دەریایی لە لێواراوەکانی باشووری ئێران. ٣- کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە دەوروبەری ئێران. ٤- قەرەبووکردنەوەی تەواوەتی زیانەکانی شەڕ. ٥- هەڵوەشاندنەوەی گشت گەمارۆکان. ٦- ئازادکردنی داراییە بلۆککراوەکانی کۆماری ئیسلامی

ئەم ڕوانگە و هەڵوێستەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ڕاگەیاندنی مەرج و مەرجکاریی لەم چەشنە بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز، دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە ئابوورییەکان و بەپێوەهێشتنەوەی ماشێنی شەڕەکەیان پێویستییەکی حەیاتییان بە پارە هەیە و دەیانەوێت لە ڕێگەی شەڕ و دانوستانەوە دەستی بخەن. هەڵوێستی لاواز و دەربڕینی ئارەزووی ترەمپ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و پیاهەڵدان بە دانوستانکارانی کۆماری ئیسلامی لە وتە نوێیەکانیدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سووربوون لەسەر هەڵوێستەکانیان تا گەیشتن بە خواستەکانیان هارتر کردووە. ترەمپ ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی گەلاوێژ لە هەڵوێستێکی ناڕووندا ڕایگەیاند کە: "دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی نیوەچڵ دەبەینە پێشەوە، و لە ئێستادا فشاری ئابووری بە باشتر دەزانین لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ"

ڕاستییەکە ئەوەیە کە درێژخایەن بوونی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و تێچووە زەبەلاحەکەی، گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری هەژار و نەداری ئەمریکاش و بووەتە هۆی ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان لە نێوانیاندا. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە لە هەڵبژاردنەکانی نێوانخولی مانگی نۆڤەمبەر نزیک دەبنەوە، کە تێیدا سەرجەم کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و یەک لەسەر سێی ئەنجومەنی پیران و پارێزگار و کاربەدەستە ناوچەییەکان هەڵدەبژێردرێن، ترەمپی بەتوندی لە لەدەستدانی دەنگدەری زیاتر نیگەران کردووە

بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی کە بەدەست گەمارۆی دەریایی ئەمریکاوە گیرۆدەیە و ئیمکانی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی نییە، تەحەمول و درێژەدان بە هەلومەرجێکی لەم چەشنە تا دێت مەحاڵتر دەبێت، چونکە کۆمەڵگە لە لێواری تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدایە. پەرەسەندنی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە دارەدەستەکانی وەک حەشدی شەعبی و حووسییەکان بۆ سەر وڵاتانی ناوچەی کەنداو سەرەڕای ئاگاداربوون لە لێکەوتە و ئاکامەکانی ئەم پەلامارانە، هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی قەیرانە گەورە ئابوورییەکان و دواخستنی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی لەو چەشنە. بەم مانایە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێت بە هاوێشتنی مووشەک و درۆن و نائارامکردنی ناوچەکە، ئەمریکا و وڵاتە نەوتخێزەکانی ناوچەکە ناچار بە پێدانی ئیمتیازی زیاتر بکات. بێگومان ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانی داوە کە حکوومەتی ئیسلامی بەم ڕوانگەیەوە نەک هەر ناگاتە ئەنجام، بەڵکوو زیان و خەسارەت و کاردانەوەی زۆرتر بەسەر خۆیدا دەهێنێت

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی گەلاوێژ، جارێکی دیکە حووسییەکان هێرشی مووشەکییان کردە سەر پاڵاوگەی نەوتی "جیزان" سەر بە کۆمپانیای ئارامکۆ لە باشووری ڕۆژئاوای عەرەبستان و بەرپرسیارێتییەکەشیان لە ئەستۆ گرت. ڕۆژی ٨ی گەلاوێژیش کۆماری ئیسلامی لە قاڵبی گرووپە تێرۆریستەکانی حەشدی شەعبی سەر بە خۆی لە عێراق، مووشەکی ئاراستەی ناوەندە نەوتییەکانی عەرەبستان کرد کە بە هێرشی توندی هاوبەشی عەرەبستان و ئەمریکا وەڵام درایەوە و لەو نێوەندەدا زیاتر لە ٢٠ کەس و لەوانە ٥ فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران کوژران. لە لایەکی دیکەوە هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی پێکهێنانی دوو هاوپەیمانی سەربازی لە نێوان حکوومەتەکانی ناوچەکە تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا؛ هاوپەیمانیی ١٤ وڵات بۆ پاراستنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز لە کۆنفرانسێکدا لە ڕیاز و واژۆکردنی پەیمانێکی بەرگریی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبستانی سعوودی، پاکستان و تورکیا لە ڕۆژی هەینی ١٦ی گەلاوێژ،

کە بەپێی ئەو پەیمانە هێرشکردنە سەر هەر یەک لەم سێ وڵاتە، بە واتا و حوکمی هێرشکردنە بۆ سەر هەموویان

سیاسەتە ستراتیژییە شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە تێچووی گیانی و ماڵیی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی ئێران براونەتە پێشەوە، تا ئێستا سەرجەمیان تووشی شکست و دۆڕان بوون. بەپێی ئەو ئامارانەی لە لایەن خودی ڕژێمی ئیسلامییەوە ڕاگەیەندراون، لە کاتی دەستپێکی شەڕی ئەم دواییە لەگەڵ ئەمریکا لە ۹ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا کە بووە هۆی کوژرانی عەلی خامنەیی جەنایەتکار و کۆمەڵێکی زۆر لە فەرماندەکانی سوپا و ئەرتەش، تا ئێستا لانیکەم ۳٤۰۰ کەس لە ئێران گیانیان لەدەست داوە و ڕێژەیەکی بەرزی ئیمکاناتی هێزە ئاسمانی، دەریایی و هەوافەزاکانی ڕژێم، بنکە مووشەکی و درۆنییەکان، دامەزراوە ئەتۆمییەکان و ژێرخانە پیشەسازی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەناو چوون

بەهۆی لێکەوتە و ئاسەوارەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستییە، قەیرانی ئابووریی ڕژێم لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر قووڵ بووەتەوە و ڕژێمی ئیسلامی باری بژێویی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی بۆ خزمەتی شەڕ بە بارمتە گرتووە و کۆمەڵگەی بەرەو هەژاری و نەهامەتییەکی تاقەتپڕووکێن کێش کردووە. سەرەڕای ئەمانەش، ڕێبەران و کادری سەرکردایەتی سوپای ئەم ڕژێمە دز و گەندەڵە لە قازانجی خۆیانی دەزانن کە هێشتا دەهۆڵی شەڕ بکوتن و وەڵامی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک دژ بەم بارودۆخە کارەساتبارەی ژیان لە نێوخۆدا، بە سەرکوت و گوللە بدەنەوە. بێگومان حکوومەتێکی لەم چەشنە، تەنیا لە نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و لە غیابی ڕابەراتییەکی سەرتاسەری بۆیان، توانیویەتی تا ئێستا خۆی ڕابگرێت. بۆ ڕزگاربوون لە چەنگ ئەم حکوومەتە جەنایەتکارە، هیچ ڕێگەیەکی دیکە جگە لە تێکۆشان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە بوونی نییە

❋❋❋



## لەسێدارەدانی مێرمنداڵان، نیشانەی ئەوپەڕی وەحشیگەریی کۆماری ئیسلامی

مەترسیی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی "شێروین باقریان"، مێرمنداڵی تەمەن ۱۸ ساڵە و یەکێک لە دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار، کە بە تۆمەتی "موحارەبە" و لە پەیوەندی لەگەڵ دۆسیەی ناسراو بە "مەیدانی عەلیخانی"ی ئەسفەهان دوو سزای سێدارەی بەسەردا سەپاوە، جارێکی دیکە پرسی لەسێدارەدانی منداڵان و مێرمنداڵانی کردووەتەوە بە یەکێک لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. نیگەرانییەکان سەبارەت بە چارەنووسی شێروین لە دۆخێکدا پەرەی سەندووە کە لە ٦ی گەلاوێژی ١٤٠٥دا، دوو تۆمەتباری دیکەی هەمان دۆسیە لەسێدارە دران و بە جێبەجێکردنی ئەم سزایانە، مەترسیی لەسێدارەدانی تۆمەتبارانی دیکە زیاتر لە جاران زیادی کردووە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، تا ٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥، لانیکەم ١٨٤ مێرمنداڵی دەستبەسەرکراوی ڕاپەڕینەکەی بەفرانبار هێشتا لە زیندانەکاندان. لەنێو ئەواندا، ١٤ کەس سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوە، دوو کەسیان گیانیان لەدەست داوە و ١٢ مێرمنداڵی دیکەش لەژێر هەڕەشەی جێبەجێکردنی سزاکەیاندان. لە ١ی گەلاوێژی ١٤٠٥یشدا، "مەیسەم ئیرەندەگانی"، تازەلاوی تەمەن ١٨ ساڵە، بە تۆمەتێک کە دەگەڕایەوە بۆ تەمەنی ١٤ ساڵیی، لەسێدارە درا. هاوکات ڕاپۆرتەکان باس لە بوونی زیاتر لە سەد منداڵ و مێرمنداڵی مەحکووم بە سێدارە یان لەژێر هەڕەشەی دەرکردنی سزای لەم چەشنە، لە زیندانەکانی ئێراندا دەکەن. لەپشت هەر ژمارەیەکەوە، مرۆڤێک وەستاوە؛ مێرمنداڵێک بە خێزان و ژیان و ئاوات و داهاتوویەکەوە کە ئێستا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی پەتی سێدارەی کردووەتەوە. ئەمە، سیمای سیاسەتێکە کە تێیدا سەرکوت، ئەشکەنجە و سڕینەوەی مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنرێت. کاتێک ئاماری سزاکانی مەرگ لەتەنیشت پەرەسەندنی هەژاری، بێکاری، هەڵاوسان، بێبەشیی کۆمەڵایەتی، ناڕەزایەتییە بەربڵاوەکان و قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات دادەنرێت، ناکرێت چاو لە ئامانجی سیاسیی سزای سێدارە بپۆشین. دەزگای دەسەڵات سزای لەسێدارەدان تەنیا بۆ سزادانی کەسی مەحکوومکراو بەکار ناهێنێت؛ بەڵکوو جێبەجێکردنی سزاکە پەیامێکی گشتی بۆ کۆمەڵگا تێدایە. ئەو پەیامەی کە دەڵێت ناڕەزایەتی باجێکی قورسی هەیە، وەڵامی بەرخۆدان بە سەرکوت و سێدارە دەدرێتەوە و ڕژێم بۆ پاراستنی دەسەڵات و مانەوەی خۆی لە هیچ ئاستێک لە تاوان و توندوتیژی دەست ناپارێزێت

لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا، دەوڵەت و دامەزراوەکانی لە بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیدا کار ناکەن و پێکهاتەی دادوەریش لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات دابڕاو نییە. کاتێک مێرمنداڵان بە تۆمەتی وەک "موحارەبە" و "ئەفساد فیلئەرز" دادگایی دەکرێن، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی دەکرێت لە چوارچێوەی تاوانی ئەمنیدا پێناسە بکرێت و ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن بە دۆسیەی دادوەری. لەم ڕەوتەدا، یاسا دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی. ئەوەی ناوی "دادپەروەری"ی لێ دەنرێت، لە پراکتیکدا دەبێتە پاشکۆی پێداویستییەکانی پاراستنی نەزمی زاڵ. ئەم ڕاستییە ناکرێت بەدەر لە پێگەی چینایەتیی قوربانییەکان لێی تێبگەین. بەشێکی زۆری ئەو مێرمنداڵانەی ڕووبەڕووی سزای سێدارە بوونەتەوە، لە خێزانە کرێکارییەکان، کەمداهاتەکان، بێبەشکراوان و پەراوێزخراوەکانەوە هاتوون. ئەوان بەر لەوەی ڕووبەڕووی دادگا و زیندان ببنەوە، ڕووبەڕووی نایەکسانی لە



پەروەردە، دەستپێڕاگەیشتنی نایەکسان بە خزمەتگوزارییەکانی ژیان، ناسەقامگیریی ئابووری و نەبوونی دەرفەتی یەکسان بوونەتەوە. کۆمەڵگایەک کە دەرفەتەکانی ژیان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکات، ناتوانێت کاتێک دەرهاویشتەکانی ئەم نایەکسانییە لە شێوەی زیانی کۆمەڵایەتی یان نارەزایەتیی سیاسی دەردەکەون، تەنیا تاک بە بەرپرسیار بزانێت و ئەو پێکهاتانەی بەرهەمهێنەری ئەو دۆخەن لە لێپرسینەوە ببەخشێت. نایەکسانیی چینایەتی لە ڕەوتی دادگاییکردنیشدا دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە. هەبوونی پارێزەری سەربەخۆ، دەرفەتی بەرگریی کاریگەر، دەستپێڕاگەیشتنی خێزان بە زانیارییەکانی دۆسیەکە و توانای بەدواداچوونی یاسایی، بۆ هەموو تاکەکان وەک یەک نییە. مێرمنداڵێک کە لە خێزانێکی چەوساوە و بێبەشکراوەوە دێت، ڕووبەڕووی دەزگایەکی بەرفراوان و زلهێز دەبێتەوە کە ئیمکاناتی یاسایی و ئەمنیی زۆر زیاتری لەبەردەستدایە. لە وەها دۆخێکدا، قسەکردن لەسەر "دادپەروەری" بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە واقیعییەکانی دەسەڵات، وێنایەکی چەواشەکارانە و ئاوەژوو لە پرسەکە دەخاتە ڕوو

لەسێدارەدانی ئەو منداڵانەی لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوە بووە، سەرباری لێکەوتە مرۆییەکانی، پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیشە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە. بەڵام نابێت پرسەکە تەنیا لە ئاستی پابەندییە مافەوانییەکانی دەوڵەتدا قەتیس بکرێت. سزای سێدارە، نیشانەی داماویی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە لە بەرامبەر قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. دەسەڵاتێک کە لە بەرامبەر داواکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا هیچ وەڵامێکی بێجگە لە زیندان، سەرکوت و سێدارە پێ نییە، لە ڕاستیدا پرسەکە چارەسەر ناکات، بەڵکوو توندوتیژی لە شێوەیەکی بەربڵاوتریشدا پەرە پێ دەدات و دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە. لە ڕوانگەی خەباتی چینایەتییەوە، بەرگریکردن لە منداڵانی مەحکووم بە سێدارە ناتوانێت تەنیا لە کەمپەینێکی مافەوانیدا کورت بکرێتەوە. دژایەتیکردنی سێدارە، بەشێکە لە خەباتێکی بەرفراوانتر دژی ئەو پەیوەندییانەی کە مرۆڤ لە پێناو قازانج، دەسەڵات و پاراستنی نەزمی باڵادەستدا بێبەها دەکەن. لەسێدارەدان، کوشتارێکی دەوڵەتی و سزایەکی دژەمرۆیی و قێزەونە، بەڵام نابێت لەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە بەرهەمهێنەریەتی خافڵ بین. کێشە بنەڕەتییەکە، ئەو پێکهاتەیەیە کە تێیدا هەژاری و بێبەشبوون بۆ ملیۆنان مرۆڤ واقیعێکی ڕۆژانەیە، بەڵام وەڵامی نارەزایەتییەکانیان بە زەبری هێز و توندوتیژی دەدرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە دەبێت گرێ درابێت بە خەبات دژی هەژاری، چەوساندنەوە، هەڵاواردن، سەرکوتی سیاسی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. بەرگریکردن لە مافی ژیانی مێرمنداڵان بە واتای بەرگریکردنە لە کۆمەڵگایەک کە تێیدا هیچ مرۆڤێک لە دەرفەتی هەبوونی ژیانێکی شایستە بێبەش نەکرێت

ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر شێروین باقریان، مەیسەم ئیرەندەگانی و منداڵان و مێرمنداڵانی دیکەی مەحکوومکراو یان لەژێر مەترسیی سێدارەدا دێت، زەنگێکی مەترسیشە سەبارەت بە داهاتووی کۆمەڵگا. ئەگەر جێبەجێکردنی سزای سێدارە ئاسایی بکرێتەوە، ئەوا سنوورەکانی سەرکوت هەر جارە و بەرفراوانتر دەکرێن و قوربانیانی نوێ دەخرێنە نێو ئەم بازنەیەوە. بێدەنگی لە ئاست ئەم ڕەوتەدا، تەنیا بە واتای کەمتەرخەمی بەرامبەر بە چەند دۆسیەیەکی دادوەری نییە؛ بەڵکوو بە واتای قبووڵکردنی ئاساییکردنەوەی توندوتیژیی دەوڵەتییە. بەرگریکردن لە مافی ژیانی منداڵان و مێرمنداڵان، بەرگریکردنە لە سەرەتاییترین مافی مرۆیی. هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێک نابێت بۆی هەبێت ژیانی مرۆڤێک بکاتە ئامرازی تۆقاندنی کۆمەڵگا. خەبات دژی لەسێدارەدانی منداڵان، خەباتە بۆ ڕاگرتنی ماشێنی سەرکوت و دژایەتیکردنی سیستەمێکە کە بۆ پاراستنی پەیوەندییە زاڵەکان، گیانی مرۆڤەکان دەکاتە قوربانی. کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە بە پەتی سێدارە دروست نابێت؛ بەڵکوو بە بنەبڕکردنی هەژاری، هەڵاواردن، چەوساندنەوە و سەرکوت، وە هەروەها بە دانانی ژیان و ئازادیی مرۆڤ لە چەقی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بونیاد دەنرێت

❊❊❊




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ٢١ تا ٢٢
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٠٥ تا ٠٦
دوپاتەی دەوری دوهەم، ١٣ تا ١٤

پێشـــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representative@komala.co

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦